
شەمپلە
عارف قوربانی

عارف قوربانی

# شـەمیـلە

## لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا

کەرکوك / 2006




- ناوی کتێب / شەمیلە
- بابەت / چاوپێکەوتن
- نوسەر / عارف قوربانی
- پیتچنین / رەوەند کەریم
- بەرگ / شۆڕش ئەحمەد
- چاپ / 2006
- تیراژ / (1000)
- چاپخانە / ئارەبخا کەرکوك


پێشکەشە :

بەهەموو ئەو شۆڕە ژنانەی شەمیلە ئاسا
بۆ ئازادی کوردستان ئازاریان چەشتووە..

لەسەر ئەرکی نوسەر چاپکراوە

## لەجیاتی پێشەکی

دوای شەهیدبونی سەیدجەوهەر ئەوکاتەی خەریکی ئامادەکردنی (کتێبی سەیدجەوهەر جەوهەربوو بۆکوردستان) بووم ، لەساڵی 1998 چوم دیدارێک لەگەڵ شەمیلەخانی خێزانی شەهید سەیدجەوهەردا سازبکەم تالەزمانی ئەوەوە وەک نزیکترین کەسی شەهید چەند زانیاریەک و لەهەمانکاتدا بیرەوەریەکی ژیانی شەهیدم دەستبکەوێ ، کاتێ باس و بەسەرهاتی ژیانی خۆی گێڕایەوە کەرەسەیەک بوو کەڕۆژێک لەڕۆژان وەک بەرهەمێکی هونەری کەورە کاری لەگەڵ بکرێت ، هەرئەوکات چاوپێکەوتنەکەیم



لەدوتوێی کتێبەکەی (سەیدجەوهەر)دا بڵاوکردەوە بەڵام هەستم ئەکرت زۆر پێویستە ئەم چاوپێکەوتنە وەک بابەتێکی سەربەخۆ بکەوێتە بەرچاوی خوێنەران ، هەرچەندە دوای بڵاوبونەوەی لەکتێبەکەی سەیدجەوهەرداو لەکاتی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکاندا لەساڵی 2000 کوردستانی نوێ پێشەکییەکیان بۆنوسیبوو لەژێرناونیشانی هەمیشە بەهیوای بەیەکگەیشتنەوە بووم ، بەسێ بەش بەم شێوەیە بڵاویانکردەوە ا ئەم نوسینە لەکتێبی سەیدجەوهەرجەوهەربوو بۆکوردستان بڵاوکراوەتەوەو مەبەست

لەبڵاوکردنەوەشی لێرەدا تەنها ئەوەیە کەخوێنەرانی بەڕێز بزانن کەئەم ئازادییەی ئەمڕۆ ، ئەم پرۆسە دیموکراتیەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تیادا ئەنجام دەدرێت بەرهەمی ماندووبون و قوربانیدانی سەدان شەهیدی وەک سەیدجەوهەرو خۆڕاگری ئەو هاوسەرەیە کەژیان و خەباتی سەیدجەوهەرمان بۆدەگێڕێتەوە ، حیزبێک خاوەنی سەیدجەوهەرو ورەی بەرزی هاوسەرەکەی بێت هەقی خۆیەتی خەڵکی بەئومێدەوە چاوەڕوانی هەنگاوەکانی بن و متمانەی تەواوبدەن بەوکەسانەی (ی.ن.ک) کاندیدیان دەکات ..



بەبڵاوکردنەوەشی لەکوردستانی نوێدا زەروریەتی ئەوەی لەدەستنەدا کەوەک نامیلکەیەک بیخەمە بەرچاوی خوێنەران ، هەرچەندە ورەبەرزی و ئازارو مەینەتیەکانی ئەم شۆڕەژنە زۆر لەوەزیاتر دەهێنێ لەدیدارێکی لەم شێوەیەو بەنامیلکەیەک بخرێنەڕوو ، بەڵام ئەوەی لەم دیدارەشدا بڵاوکراوەتەوە خۆڕاگریی ئەم جوامێرە دەخاتەڕوو کەنمونەی دەیان ژنی تێکۆشەری تری کوردستانە کەشانبەشانی پیاوان لەخەباتدا قارەمانێتیان نواندووە ...

## شەمیلە

چومە ماڵی شەهید سەید جەوهەر ، خۆم پێ ناساندن و پرۆژەی کارەکەمم خستنە بەردەست ، کە بەنیازم لەدووتوێی کتێبێکدا بەشێك لەسەروەرییەکانی شەهید سەیدجەوهەر تۆماربکەم ویادگاری و بیرەوەریەکانی بنوسمەوە ... زۆریان پێخۆش بوو ....ویستم خێزانەکەی بدوێنم ، تائەویش هەندێ لەتاڵی و شیرینی پێکەوەژیانیان بگێڕێتەوە ..

کە کەوتە دووان و باسی وەزعی خۆیانی کرد .. ئەو هەموو پەتپەتی و چەرمەسەری و دابڕانەی بەسەر ئەم



خێزانەداهاتووە ، کەرەسەی شاکارێك بوو .. شەمیلە خانی خێزانیشی ئەتووت چیرۆك ئەگێڕێتەوە ، جارنەجارێکیش ئاهوو هەناسەیەکی قوڵ ... زۆر قوڵی هەڵدەکێشاو... پێم وابوو زۆر شەرمی لەمن دەکرد .. ئەگینا بەڕوخسارییەوە دیاربوو ئەیویست بەهەڵڕشتنی کۆمەڵێ ئەشك و بەگریان خەمەکانی بڕەوێنێتەوە ...بەڵام ئەم شۆڕەژنە گەرمیانییە رەش پۆشە خۆڕاگرە کە بەرگەی ئەو هەموو ئازارو سزاو چاوەڕوانییەی گرتبوو ..! توانی خۆی راگرێت و بوار نەدات گریان دەست بناتە بیناقاقایی و نەهێڵێ قسەم بۆ بکات .. زۆر بەکورتی

و بەم شێوەیە خەمەکانی بۆ
هەڵڕشتم...
شەمیلەخان ، کچی سەید حەبیب
سەید محەمەدی چەمسورخاوە و لە
ساڵی 1967 لەدایك بووە ... تا پۆلی
شەشی سەرەتایی خوێندووە .. لەساڵی
1984 ئەو کاتەی ماڵیان لەقادرکەرەم
بووە شوی کردۆتە سەید جەوهەر و
گواستویانەتەوە بۆ گوندی (چەم
سورخاو)ی سەر بەناحییەی (قادر
کەرەم) .
شەمیلە خان ئەڵێ : زۆرم پێخۆش
بوو کە دامیان بەسەید جەوهەر
...چونکە پێشمەرگە بوو... ئەو
کچانەش کەماڵیان لەشار و شارۆچکەکان



بوو ، حەزیان ئەکرد شوو بە پێشمەرگە
بکەن .. پێشمەرگە خۆشەویست بوو ..
لەلایەکی تریشەوە سەید جەوهەر
ئامۆزام بوو ، زۆرم خۆش
دەویست...ئەو رۆژەی گواستمیانەوە لە
(قادرکەرەمەوە)بۆ(چەم سورخاو) کە
ئاوایی خۆمان بوو..لەوێوە سەرەتای
ژیان و هاوسەرێتی من و سەیدجەوهەر
دەست پێدەکات ..ئەوکاتەی منی
گواستەوە مفاوەزاتی نێوان (یەکێتی و
حکومەت)بوو، سەید بەبۆنەی
ژنهێنانییەوە مانگێ ئیجازەی کردبوو
... بەڵام کەمتر لەمانگێ پێکەوە بووین
، مفاوەزات هەڵوەشایەوە و شەڕی
نێوان پێشمەرگەو حکومەت دەستی پێ

كردەوە ... (چەم سورخاو) زۆر نزیك بوو لەقادركەرەمەوە بەئاسانی جەیش و جاش بۆی ئەهاتن ، بۆیە ناچار بارمان كرد بۆ دێی (گەرە چیا) لەناوچەی (سەنگاو).

بەڵام هەتا ئەبوو شەڕ زیاتر درێژەی ئەكێشا و زۆربەی ناوچەكانی گرتەوە .. جەیش بەئاسانی هێرشی ئەكردە سەر لادێ دوورەكانیش .. سەیدجەوهەریش بەردەوام خەریكی جەولەبوون و ئەچون لەناوجەرگەی دوژمن چالاكییان ئەكرد .. زۆر درەنگ درەنگ ئەیتوانی سەردانمان بكاتەوە .. دوای ماوەیەك لەوێش بارمانكرد و چوینە دێی (كۆشكی ناوەڕاست) لە بنار گل..



ماوەیەك بوو ماڵمان لەوێ بوو لەشەڕی (عەول كوژریاو)سەیدجەوهەر بریندار بوو.. لەبەر برینداریيەكەی لەماڵدا كەوتبوو (حەمید)برای و دوو پێشمەرگەی تر بەدیارییەوە بوون ، هەواڵی ئەوەیان هێنا لە (زینانە)شەڕ دەستی پێكردوەو جەیش و جاش چوونەتە سەر پێشمەرگە .. كاك حەمید برای سەیدجەوهەر لەگەڵ دوو پێشمەرگەكەی تردا خۆیان بەست و كەوتنەڕێ... سەیدجەوهەر بانگی كرد : كاكە جێم مەهێڵە نەك جەیش و جاش بێن و بدەنەسەرماندا ..! كاك حەمید وتی خوا گەورەیە سەید ، چۆن ئەبێت لە(زینانە)شەڕبێت و من لێرە

دابنیشم...! رۆیی .. پاش چەند
سەعاتێك هەواڵیان هێنا كاك حەمید
شەهید بووە...!!! بەڕاستی كارەسات بوو
بۆ ئێمە، سەیدجەوهەر لەجێگادا
كەوتبوو برینداربوو كاك حەمیدیش
شەهید بوو.. بەتایبەت بۆ من ئازاری
زۆربوو هەر رۆژە لەدێیەك و مێردەكەم
بریندار لە دەشت و دەر و ترسی ئەوەت
هەبێت جەیش و جاش بداتە سەرتدا
وكاك حەمیدیش لەوكاتەدا شەهید بوو
، گەلێ ئازاری هەبوو .. ماوەیەك دوای
شەهیدبونەكەی كاك حەمید ،
بارمانكرد بۆ ناو داوێ بۆ دێی
(گەرمك).. ئێمە ماڵمان بەكۆڵمانەوە
بوو .. سەید لەهەر كەرتێكەوە



بچوایەتە كەرتێكی تر ئەبوو
ماڵەكەشمان بگوازینەوە بۆ ئەو
سنوورە.. زۆر دەربەدەری و
كوێرەوەریمان بینی .. بەڵام لەبەر دڵی
سەیدجەوهەر پێی رازی بووم ...
چونكە سەیدجەوهەر زۆر دڵی
بەپێشمەرگایەتییەكەی خۆش بوو
...ئەوكاتەی ماڵمان لەگەرمك بوو
لەقادركەرەم شەڕێكی گەورە روویدا
لەساڵی 86 بوو هەواڵیان هێنا باوكم
لەوشەڕەدا شەهید بووە... شەهیدبونی
باوكم بۆمن كارەساتێكی گەورەبوو، من
بەوتەمەنە كورتەوە توشی ئەوهەموو
دەربەدەری و ئاوارەیی و كۆست
كەوتنەبووم .. كە هەردووساڵ ئەبو

شومكردبوو كاك حەميد شوبرام
شەهيد بوو باوكم شەهيدبوو سەيد
بەسەختی برينداربوو هەر رۆژەی
ماڵمان لە دێيەك بوو ... بەڵام هەر
لەبەر دڵی سەيد واخۆم نيشان ئەدا
كەزۆر بەو ژيانە دڵخۆشم ... ئەگينا
زۆر لە رەزالەت دابوين و سەيد خۆيشی
لەپێناو پێشمەرگايەتييەكەيدا
شەورۆژی خستبووە سەريەك و
ئيسراحەتی نەبوو .. بەخوا جارێكيان
لەبيرمە ئەوكاتە ماڵمان لەگەرمك بوو
شەوێك سەيد هاتەوە چاوی سوربووبوو
وتی سێ رۆژوسێ شەوە هەر رێ ئەكەين
و هيچ نەخەوتوين ، زۆر ماندووم..وتی
شەميلە ها ئەوە تفەنگەكە فيشەكم



خستۆتە سەری و لەسەر (موفرەد)
دامناوە ، من سەرخەوێك ئەشكێنم تۆ
حەرەسياتم بگرە ، گەرشتێ بوو پەنجە
بنە بەپەلەپيتكەكەيدا ...ئەو خەوت و
توومەس منيش بەسەر تفەنگەكەوە
خەوم لێكەوتووە...لە زرمەيەك
خەبەرم بووەوە كاتێكم زانی سەيد
پەلاماری تفەنگەكەيداو وتی (خۆش
حەرەس) ..!! بۆخۆی بەدەم خەوەوە
پەنجەم بەر پەلەپيتكەی تفەنگەكە
كەوتبوو ...ئيتر بەو كوللە مەرگييە
ژيانمان ئەبردەسەر و بەڵام هەردوكمان
پێی رازی بووين .. تەنها خەممان ئەوە
بوو كەهەردوكمان زۆر حەزمان لەمناڵ
بوو ، مناڵمان بۆ نەدەما ..بيرم نەبوو

بیگێڕمەوە ، جارێکیان چومەوە بۆ قادرکەرەم بۆ ماڵی باوکم.. لەوێ گرتمیان و برقییەیانکرد بۆ (دووز خورماتوو)کە ژنەکەی سەیدجەوهەرمان گرتووە ، ئیخباری کرابووم .. ئەوانیش وەڵامیان دابووەوە وتبویان بۆمانی بنێرن.. لە قادرکەرەمەوە بەسجنی بردمیان بۆ دوزخورماتوو ...

کەس وکارو خزمان هاتن و بەواسیتەو بە پارە بەرمیاندا بەڵام کەفالەتی ئەوەیان لێم سەند کەنەچمەوە بۆلای سەیدجەوهەر و بە دەستبەسەری بمێنمەوە .. ماوەیەك ئاوا مامەوە لە قادرکەرەم .. بەڵام رۆژێ



هەواڵیان هێنا کە سەیدجەوهەر و مەفرەزەیەك هاتوون لەقادرکەرەم کەسوکاری ئەوانەیان بردووە کە ئیخباری منیان کردبوو .. ئەویش لەوێ ئەوانی لای خۆی دەست بەسەرکردبوو ، بۆیە خۆیان کەوتنە وایسدەکردن تا دەستبەسەرییەکەی من لابەرن و بچمەوە بۆلای سەیدجەوهەر .. ئەوە کرا من چوومەوە بۆلای سەیدو کەس وکاری ئەوانیش گەڕانەوە .. ئەوان دەستڕۆ بوون لای حکومەت بەهۆی خۆیانەوە کە سەید گرتبویانی توانیان لەحکومەت عەفوو بۆمن وەرگرن...دوای ئەوەی گەڕامەوە لای سەید ماوەیەك پێکەوە بووین

شەڕەکانی سەرکردایەتی دەستی پێکرد... سەیدوئەوان بانگکران بۆ سەرکردایەتی ، سەید هاتەوەو ووتی شەمیلە ئێمە ئەچین بۆسەرکردایەتی رەنگە زۆرمان پێبچێت .. تۆ چی ئەکەیت ...!؟ تۆزێ دامام و وتم سەید من وا(حامیلەم) مناڵمان بۆ نامێنێ .. بابچم بۆ کەرکوك با ئەم مناڵەمان لەنەخۆشخانە ببێت بەڵکو ئەمە خوایە ئەم مناڵمان بمێنێ ..!! هەردوکمان زۆر حەزمان ئەکرد مناڵێکمان هەبێت ، ناشوکری خوانەبێ چونکە حەزمان لەمناڵ بوو بۆمان نەئەما ، بەخوا رەنگە بەهۆی ئەوەیشەوە بووبێت کە هەمیشە ماڵمان بەکۆڵمانەوە بوو ، هەر



رۆژەی لەدێیەك بووین .. کەزانی من حەزئەکەم بچمە دکتۆر دیاربوو خۆیشی حەزی ئەکرد وتی باشە ئەگەر کوڕ بوو ناوی ئەنێین (پۆڵا) ... خواحافیزیمان لەیەکتڕی کرد ، وەك چۆن دەیانجاری تر لەیەکتڕ دابڕابووین .. هەر ئەو رۆژە لەیەکتڕی دابڕاین و ئەو ڕۆیی بۆ شەڕەکانی سەرکردایەتی و منیش چووم بۆ کەرکوك بۆ نەخۆشخانە .. ئیتر لێرەوە دابڕان دەستی پێکرد .. دابڕانێکی پڕ لەترس و ئازار و چاوەڕوانی ...

ئەوکاتە رێگای هاتوو چۆی نێوان لادێ بۆ شاریش تەواو ناخۆش بووبوو .. هەندێ دێی نزیك جادەوشاریشیان

روخاندبوو ، من چومە كەركوك و
لەنەخۆشخانە مامەوە لەژێر چاودێری
دكتۆردا ، بەڵام هەر بەلاشە لەكەركوك
بووم و بەردەوام دڵم لای سەید بوو ..
رۆژانەیش ئەوەنە هەواڵی ناخۆش
ناخۆشت ئەبیست دڵم وەختبوو
شەقبەرێت لەوكەركوكە..! رۆژی سەد
داڵغەی خراپم لێئەدا ، سەدجار
ئەمووت بەخوا ئێستا سەیدو هاوڕێكانی
شەهید بوونە ، هیچم لەدەست نەدەهات
تەنها دوعای خێر نەبێت و بەم رۆژگارە
لەبەر خۆمەوە لەخوا ئەپاڕامەوە ..
خەڵكەكەی دەورو بەرم وایان ئەزانی بۆ
نەخۆشیەكەی خۆم وائەكەم كەگەر
خۆم نەخۆش نەبوومایا هەر یەكسەر



خەڵكەكە ئەیانزانی كەسێكم
لەناوشەڕدایە ...خەڵك بەهۆی نەخۆش
و سەردانییەوە زووزوو هاتوچۆی
نەخۆشخانەیان ئەكرد و بەهۆی
ئەوانەوە هەواڵی دنیات ئەبیست ،
ئەیانووت حكومەت ئەوژورەی گشت
گرتووە یەكێ ئەیوت كیمیای لێ داوە
یەكێ ئەیوت ژن و مناڵیشی گشت
كوشتووە ، ئەوەنەبوو بەئاشكرایش
قسەبكەن ، یەكێ قسەیەكی ئەكردو
ئیتر لەترسا خۆیشی ناكردەوە خاوەنی ،
منیش نەمئەوێرا زۆر بپرسم ... تا
مناڵكەم بوو ماوەیەكیش دكتۆر هەر
هێشتمییەوە تا لەمردن رزگاری بوو..
ئیتر كاتێ من لەنەخۆشخانە هاتمە

دەرەوە.. وەزعەکە واتێك چووبوو ڕێگـە
نـەبوو مـن بـچمەوە بـۆ لادێ و سـەید
بدۆزمـەوە ، کـە نەمئـەزانی چـی
بەسـەرهاتووە .. مـاوە ، شـەهیدبووە ،
چی بەسەرهاتووە نـازانم ..!! ئەنفالەکە
دەسـتی پێکردبـوو ، وەزعـم زۆر خـراپ
بوو، هەواڵ لەسەر هەواڵ ئەهات خەڵکی
ناوچـەکەیان هـەموو ئـەنفال کـردووە ..
ئـەیانووت پێـشمەرگە بەشـێکی چووەتە
ئێرانەوەو باقییەکەی یان ئەنفال کراون
یا تەسلیم بوونەتەوە .. جوابم نـاردەوە
بـۆ کـەس وکـار کـەس هـەواڵی
سـەیدجەوهەری نـەدەزانی ، ئـەیانووت
ڕەنگـە چـوبێتە ئێرانـدا .. بەقـەدەر
ئەوەی کە وەك هاوسەرێك بەخەم بـووم



بۆ هەواڵێکی ، ئەوەندەش حـەزم ئـەکرد
زوو بیبینمەوەو خۆم هەواڵی بدەمێ کە
خـوا بـەدڵی تـۆی کـردووەو مناڵەکـەمان
ماوە و کوڕەو ناویـشی ئـەنێین (پـۆڵا) ..
هەر دوای ئەوەی لەنەخۆشخانە دەرچوم
و ڕۆیشتم لەهەولێرەوە چووم بۆ گـوڵان
بـۆ مەڵبەنـدی (سـێ) .. ئـەتووت ڕۆژی
حەشـرە پـۆل پـۆل خـەڵك ئـەهاتن و
ئەچـوون.. هەنـدێك ئەچـونە ئێـران و
هەبوو لەئێرانەوە ئەگەڕایەوە ...حـەوت
ڕۆژ بەتەنها خۆم و پـۆڵای جگەرگۆشـەم
لەگوڵان ماینەوە..بەنیازی ئەوەی بـچمە
ئەودیودا ، بـەڵام کـەس نـەبوو لەگەڵیـدا
بـڕۆم .. ئـەوەی لـەئێران ئەهاتـەوە
پرسـیارم لێ ئـەکرد.. کـەس هـەواڵی

سەیدجەوهەری نەدەزانی .. ئەوەی لەگەرمیانەوە ئەهات پرسیارم لێ ئەکرد هەواڵێکی نەبوو..ناچار بەمەئیوسی گەڕامەوە ، هاتمەوە سلێمانی و شەو گەیشتمە چەمچەماڵ ، کە ماڵی باوکم لەقادرکەرەمییەکان بوو لەئۆردوگای شۆڕش.. شەو چوومە ئەوێ .. لەوێیش کەوتمە هەواڵپرسینی سەید ، ئەوانیش هیچ هەواڵێکیان نەدەزانی ..بۆمن رۆژگارێکی ناخۆش بوو.. باوکم شەهید و ماڵدەربەدەر و سەیدجەوهەریش بەوشێوەیە بێسەروشوێن بوو هەر رۆژێکی ژیانم مردنێك بوو .. تادوو مانگ لەوێ مامەوە بەڵام نەمهێشت کەس بمبینێ و هەر لەماڵەوە بووم گەر



کەسێکیش بهاتایا ئەوا خۆم ئەشاردەوە .. چونکە سەیدجەوهەر لەپێشمەرگایەتیدا ناسراو بوو جاشی ناوچەکەیش هەموی ئەمانیان ناسی ، بۆیە زۆر ئەترسام .. چونکە سەیدجەوهەریش دیار نەبو وەك ئەوە نەبوو ئەگەر شەهیدبوایا ئەوە حکومەت ئەیزانی، ئەگەر لەئێران بووایا خەڵك هاتوو چۆی هەبوو هەر حکومەت ئەیزانی.. بەڵام دیارنەبونەکەی دووجار بۆ ئێمە کێشەبوو ، جارێك خەفەت و مەراقی بێسەروشوێنییەکەی و جارێکیش ئەوەی کە بەردەوام لەلایەن جاش و پیاوانی حکومەتەوە چاودێری ئەکراین

و وايان ئەزانی سەيدجەوهەر لای ئێمەيە و خۆی تەسليم ناكات .. بەردەوام متابەعە ئەكراين ، جاش و پياوخراپيش زۆر بوو خواخوايان بوو خەبەر لەيەكێ بدەنە حكومەت ، رۆژێك ژنێك هات بۆماڵ باوكم بينيمی .. زۆر لێی ترساين ئيغباريمان بكات و بەهۆی منەوە وابزانن سەيدجەوهەريش لەوێيە و كەسوكارەكەيشمان بگرن ناچار بۆشەوی دوايی ئەوێم بەجێ هێشت و چووم بۆ ماڵەخزمێك لەكەركوك .. چوارمانگ لەوێدا مامەوە وەك ئەوەی لەزينداندابم .. لەوێيش هەر ئەترساين ، رۆژەكەی رەش بوو .. حكومەتەكەيش ئەوەندە



زاڵم بوو لەسەر هيچ خەڵكی ئيعدام ئەكرد چيجای ئەوەی كەمن ژنە پێشمەرگەبووم و حكومەت بەدوای مێردەكەمدا ئەگەڕا .. زۆر ئەترسام ئەگەر شوێنی من بزانن بێن و بمگرن و داوا بكەن سەيدجەوهەر تەسليم بێتەوە ، ئەگەر بميانگرتايا خۆ ئەوان نەيانئەزانی كەئێمە هەواڵی سەيدجەوهەر نازانين.. كەسيش بڕوای ناكرد ئەگەر بمانووتايا هەواڵی سەيد نازانين ..

ماوەيەك لەكەركوك بەوحاڵەوە ماينەوە ، ئەوماڵەی منی لێ بووم (تەرحيلكران بۆ هەولێر).. منيش لەگەڵيان چووم بۆ هەولێر ، بۆمن

شوێنێکی باش بوو کەس لەوێ نامی ناسی.. ئیتر ترسەکەم کەمتر بوو ، بەڵام خەم و خەفەتەکەم رۆژبەرۆژ لەزیادبوندابوو ..چونکە سەیدجەوهەر هیچ هەواڵێکی نەبوو .. ژیانیش زۆر سەخت بوو رۆژ لەدوای رۆژ باری گوزەرانی خەڵك گرانتر ئەبوو .. مناڵەکەیشم شیرەخۆرەبوو.. شیری قوتووی ئەخوارد .. مەسرەفمان گران بوو .. ئەوماڵەیش خۆیان وەزعیان لەئێمە خراپتر بوو، مناڵ و خێزانی شەهیدێکی تریشیان بەسەرەوە بوو..لەو وەزعە خراپەدا زۆر گران بوو ماڵێك بتوانێ ماڵ و مناڵی شەهیدێك و من و پۆڵای جگەرگۆشەم بگرێتە خۆی...بۆیە



ئەبوو بیر لەوە بکەمەوە بتوانم بۆ بارسوکی ئەو ماڵە کەئێمەیان گرتبووە خۆیان هیچ نەبێ کارێ بکەم پارەی قوتوە شیری مناڵەکەم خۆم دابینی بکەم .. تادەهات زیاتر خەفەتبارتردەبووم هەواڵی سەیدجەوهەر نەبوو.. ئەیانووت پێشمەرگە تەواوبووە ، ئەوەی لەئێرانە وا لەئۆردوگاکاندان و ئەوەی شەهیدو ئەنفال بووەو ئەوی تریشی هەمووی تەسلیم بوونەتەوە .. هەواڵی ئێرانمان ئەزانی و کەس نەیئەوت سەیدجەوهەرمان لە ئێران و ئۆردوگاکاندا بینیووە.. هەموو رۆژێکمان مردنێ بوو ..بۆیە بڕیارمدا ئیتر کاربکەم ، بۆ ماوەی ساڵێك

لەهەولێردا لەناوبازاڕ بەسینی
وردەواڵەم ئەفرۆشت...! کارەساتی
ئەنفال وای کرد کە لەسەیدجەوهەر
دابڕێم و بۆ ئەوەی ئەو سەروەرییەی لە
سەیدجەوهەر جێ مابوو کە (پۆڵا)ی
جگەرگۆشەی بوو بەسەر بەرزی
بەخێوی بکەم ... وەك زۆر لە ژنە
گەرمیانییەکانی تر کە ئەرکی
بەخێوکردنی خێزان کەوتبووە سەریان
.. منیش ئەرکی بەخێوکردنی (پۆڵا) ی
ئومێدوهیوای دووارۆژی من و سەیدی
پێوە بەسترابوو کەوتەسەرم.. گەرچی
نە (پۆڵا) باوکی بینی بوو نە سەیدیش
زانیبووی کە ئێستا شەمیلە پۆڵای
هەیە.. کەبوو بووە ئاواتێك بۆ



بەیەکگەیشتنەوەمان وزۆر جار ئەموت
ئینشائەڵا خوا لەبەر ئەم پەپولەیە
رەحممان پێئەکات وبەیەکتر
شاددەبینەوە ..من ئەو رۆژەی شووم
کردە سەیدجەوهەر ( ملوانکەیەکی
ئاڵتونی بۆم کڕی).. ئەو رۆژەی من
چووم بۆ نەخۆشخانەو کە ئەویش رۆیی
بۆ شەڕەکانی سەرکردایەتی .. ملوانکە
ئاڵتوونەکە لەناو کەل و پەلەکانی
ماڵەوە بوو ...ئیتر ئەوە بوو ئەو
وەزعەمان بەسەر هات و ناوچەکە
ئەنفال کرا ، کە سەیدیش هیچ هەواڵی
نەبوو .. نەمزانی ماڵ وحاڵەکەمان چی
بەسەرهات، تومەس دوای ئەوەی
سەیدجەوهەر لەشەڕەکانی

سەركردايەتى گەڕابووەوە چوبوە
ماڵەكەى خۆمان و ملوانكە ئاڵتونەكەى
لاى خۆى هەڵگرتبوو .. من لە تاو ئەو
وەزعە خراپەى خۆم ئاگام لەماڵ و حاڵ
نەمابوو..

ڕۆژێك ئەو ماڵەى منى لێ بووم كابرا
چوبوو بۆ چەمچەماڵ برادەرێكى بينى
بوو ئەو وتبووى من ماوەيەكە بەدواى
تۆدا ئەگەڕێم ... ئەم ملوانكە ئاڵتوونە
بدەنە خێزانەكەى سەيدجەوهەر و
ئەمە سەيد بۆى ناردووە .. ئەويش كە
هاتەوە بۆ هەولێر ووتى وەرە هەواڵى
خۆشت بدەمێ ..!! يەكسەر خورپەيەك
بەدڵمدا هات و زانيم خەبەرى سەيدى
پێيە چونكە ئەو ئەيزانى جگە
لەهەواڵى سەيدجەوهەر هيچ هەواڵێك



بۆ من خۆش نييە ، بۆيە بەپەلە
چوومە لايەوەو وتم دەى تووخوا
خەبەرى خێربێت ..! دەستى كرد
بەگيرفانيدا ئومێدو هيواى ژيانى خۆم و
پۆڵام لەدەستيدا ئەبينى و خواخوام بوو
زوو دەستى لەگيرفانى دەربكات چونكە
بۆ من وەك ئەوە وابوو روحێك
بخاتەوە جەستەى لاشەيەك ..
كەدەستى لەگيرفانى دەركرد
ملوانكەيەك ئاڵتوونى بەدەستەوە
بوو .. خوا ئاگادارە درۆ نييە ئەگەر
بڵێم بۆنى سەيدجەوهەرى لێ ئەهات
..! سەراپاى لەشم بوو بەموچوڕك و
تەزو جەستەمى گرتەوە گيانم
كەوتە لەرزين .. ووتى ئەمە
سەيدجەوهەر بۆتى ناردۆتەوە ،

لەخۆشیدا دەستم کرد بەگریان (سەیدجەوهەر) سەیدجەوهەر لەکوێیە..!؟ وتی لەگەرمیاندا بە ئیختیفا ماوەتەوە ، ئەمەش ملوانکەکەی خۆتە ئەو هەڵی گرتبوو .. ئیتر ئومێد کەوتەوە هەناوم ، خۆشی سەراپای لەشی داگرتم.. ئەم ملوانکەیە رەمزی خۆشەویستی و نهێنی مانەوەی سەیدجەوهەر بوو ...

دوای ئەوەی دڵنیابووم کەسەیدجەوهەر لەژیاندا ماوەو لەگەرمیاندا بەپارتیزانی ماوەتەوە .. کە بۆمن وەك ئەوە وابوو تازە لەدایك بوبێتمەوە ، هەر ئەو رۆژە لەهەولێرەوە هاتمەوە بۆ کەرکوك و لەکەرکوکیشەوە



خۆم گەیاندەوە چەمچەماڵ و چوومەوە بۆ ماڵی باوکم.. بەلاّم لەناخەوە خەریکە باڵ ئەگرم ، ئەوانیش هەرئەوەیان ئەزانی کە خۆم ئەمزانی لەبارەی سەیدجەوهەرەوە .. لەگەڵ ئەو دڵخۆشیەشدا زۆر ئەترساین کەحکومەت بەوە بزانێ کە سەیدجەوهەر بەپێشمەرگایەتی ماوەتەوە ، ئێمە کەوڵ ئەکەن تاشوێنی ئەویش بدۆزنەوە .. حکومەت دنیای دابووە سەریەکدا یەك دێیەکی نەهێشتبوو بەپێوە هەمووی لەگەڵ زەویدا تەخت کردبوو هەموو دنیای کردبووە جەیش و جاش و رۆژ هەتائێوارەیش بەکۆپتەر بەئاسماندا ئەگەڕا ، هەواڵ بزانن سەیدجەوهەر

بەپارتیزانی لەگەرمیاندا ماوەتەوە ئەوە
حکومەت دنیا ئەداتە سەریەکدا ...
بۆیە زۆر ئەترسام لەخۆمان و لەوەیش
ئەترسام کەسەید تیابچێت ..
لەسەرێکەوە حەزم ئەکرد
لەناوچەکەبوو ئەمووت بەڵکو خوابکات
بتوانێ بەدزییەوە سەرمان لێبدات و
پۆلاً ببینێ وا شکور خەریکە (قوتە)
ئەبێ .. لەلایەکیشەوە ئەمووت باشە بۆ
ئەویش وەك ئەو هەموو
پێشمەرگەیەیی تر بۆخۆی نەچۆتە
ئێراندا و لەوێ بووایا تا خوا لایەکی
بەلایەکدا ئەخست .. ئەترسام تیابچێت
..! بەردەوام ئەم دالغانەم لێئەدا
تاماوەی چەند رۆژێك لەوێ مامەوە



رۆژێك کابرایەك هات ناوی
(حەمەتەپەدێی )بوو .. هات و سلاوی
سەیدجەوهەری هێنابوو ، ووتی سەید
ووتوویەتی با خێزانەکەم وێنەیەکی
خۆی و پۆلای کورم بۆ بنێرێت ..
دیاربوو ئەو ماوەیەی لەیەکتری
دابڕابووین سەیدجەوهەریش زۆر
لەخەمی ئێمەدا بووبوو هەواڵی زۆر
پرسی بوو .. ئەوەی زانی بوو کەمن
لەنەخۆشخانە منالم بووەو ئەم جارە
خوا لێی نەسەندووین ، زانی بوی
لەسەر داوای سەیدناوم ناوە (پۆلا) .
بەلام چونکە کابراکەم نەدەناسی ،
گەرچی خۆی زۆر بەدلسۆزو خەمخۆری
سەید نیشاندا بەلام هەر لێی ئەترسام ،

چەند سوێندی بۆم خوارد بڕوام پێی نەکرد و ووتم تۆ نێردراوی بۆ ئەوەی بەنهێنییەکانی سەیدجەوهەر بزانی .. بڕۆ من هیچ نازانم ..! کابرا ڕۆیی .. بەڵام دڵم هەر لەمشکیلەدابوو تۆبڵێی ئەم کابرایە راستبکات و سەیدجەوهەری بینی بێت ..! خەوو خواردنم لێبڕا ، ئەمووت باشە ئەگەر راست بکات و ئێستا بچێتەوە بۆلای سەیدجەوهەر و بڵێ بە خێزانەکەتم ووت کەوێنەی خۆی و پۆڵام بداتێ ، نەیداپێم .! ئەبێ سەید چی بڵێ .؟ چەند رۆژێکی پێچوو کابرا خواکردی گەڕایەوە .. ئەمجارە وێنەیەکی تازەی سەیدجەوهەر کە لەپارتیزانیدا



گرتبووی و لەگەڵ نامەیەکدا کە بەدەستخەتی سەیدجەوهەر نوسرابوو ( شەمیلە ئەم بڕادەرەی دێتەلات نێردراوی منەو ناوی حەمەتەپەدێی یە..بڕواپێکراوی خۆمە ، هەرچی ووت بڕوای پێبکەن)..!ئیتر تەواو لەوە دڵنیابووم کە سەیدجەوهەر تەنها لەناو خەونەکانی مندا نییە ، بەڵکوو ئێستا لەناو واقیع و لەقووڵایی گەرمیاندا دەژی .. ئێمەش رەسم و نامەمان بە کاك محەمەددا بۆی ناردەوە .. ئیتر لەو رۆژەوە کاك حەمەتەپەدێی بووە شریتی پەیوەندی رووحی نێوان من و سەیدجەوهەر ...

ئیتر کاك محەمەد خوا ئاگاداریبێت
زووو زووو هەواڵی سەیدوبرادەرەکانی
ئەهێنا و نان و خواردنی بۆیان ئەبردو
سەری لێیان ئەدا .. رۆژێکی تر کاك
محەمەد هاتەوە نامەیەك و
ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتونی داپێم ووتی
ئەمە سەیدجەوهەر ناردویەتی .. سەیر
بوو بەلامەوە سەیدجەوهەر
ئەنگوستیلەی ئاڵتوونی لەکوێ بوو لەو
دەشت و دەرە ..!؟ وتم بزانە لەچی
کەلاوەیەکی روخاودا دۆزییەتیەوە و
بۆمنی ناردووە ئاخۆ ئەبێ هی چی
نەگبەتێك بوبێت ..!؟ کە تەماشایم کرد
بەفارسی لێی نوسرابوو ..!! لەکاك
محەمەدم پرسی ئەم ئەنگوستیلەیەی



لەکوێ بووە ..؟ ووتی هەندێ
لەبرادەرەکانی سەیدجەوهەر سەردانی
ئێرانیان کردبوو سەید رای سپاردبوون
کە ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتوونی بۆ بێنن
تابیکات بەدیاری بۆ تۆ ..! زۆر دڵم
پێخۆش بوو بەوەیا ئەمزانی سەید
سەرباری ئەو رۆژە رەشەی کەتێی
کەوتبوون چەند دڵی لای ئێمەبووە ،
جواب بنێرێت لە ئێرانەوە دیاری بۆ
بێنن بۆ ئێمە ..!! هەر ئاگرمان
تێبەربوو بۆی .. بەلاّم چی بکەین
دەسەلاّت چی بوو ئەو ماوەیەکی زۆر
هەردەنگ وباسی نەبوو ئێستا بەس
نەبێ لەڕێگەی خواو کاك محەمەدەوە
هەواڵێکیمان ئەزانی .. ئەوەندە

ئەوماوەیە ئازارم چەشت کەهەواڵی
نەبوو بەوە زۆر شکور بووم ،
هەرچەندە کەسێك هیچ دەنگوباسی
نەبێت رەنگە ئازاری چاوەڕوانییەکەی
کەمتربێت لەوەی کەوا تۆ بزانیت
لەنزیکتدایە و نەتوانی بیبینی ..
ئەوەی سەیدجەوهەر وابوو ، ئێمە
ئەمانزانی نزیکن لە چەمچەماڵەوە
بەلاَم نەمانئەتوانی بیبینین .. سەرباری
ئەوەی کە هەرکاتێ کۆپتەر هەڵئەسا
ئیتر من دڵم لەمشتمدابوو ئەمووت
بەخوا ئێستا لەو دەشتە چۆڵەدا کۆپتەر
ئەیانبینێ و تەقەیان لێ ئەکات .. ئیتر
حاڵمان نەبوو نازانم چۆن بەرگەی ئەو
هەموو ئازارو مەینەتیەمان گرت ..ئیتر



جارنەجارێك کاکە حەمە ئەهاتەوە و
نامەو راسپاردەی ئەهێناو ئێمەش زوو
زوو رەسمی کوڕە تاقانەکەیمان بۆدەنارد
..

ماوەیەك کاك محەمەد دیار نەما هەر
لەخۆمەوە دڵم کەوتبووە شکەوە ..
ئەترسام توشی موشکیلەیەك بووبێت ،
هەر دڵم لەلای بوو تاڕۆژێك ناسیاوێك
هات ووتی چارەیەکی خۆتان بکەن
حەمەتەپەدێی لەلایەن دایەرەی
ئەمنەوە گیراوە ... ئێمە زۆر ترساین ،
چونکە ئەوەندە دەردەسەریم بەسەردا
هاتبوو ئەمزانی کە بەرگەی کوێرەوەری
تر ناگرم .. زۆریش لەوە ئەترسام کە
کاك محەمەد تەپەدێی ئیعتراف بکات و

شوێنی سەیدجەوهەریان پێ بڵێ .. ئەمووت کوێرایم دایێ بۆچی جارێك خۆم لەگەڵی نەچووم سەردانێکی بکەم تائێستا بمزانییایا لەکوێن و بەپەلە خەبەریان بۆبەرم کە حەمەتەپەدێی گیراوە بۆ ئەوەی شوێنی خۆیان بگۆڕن .. چونکە لەوە ئەترسام سەیدجەوهەر چاوەڕێی ئەوەی بێت کە رەسمی پۆلای بۆچێت و کاتێ بزانێ جەیش بچێتە سەری ... زۆر دڵم تەنگ بوو هەر بیرم لەوان ئەکردەوەو دڵی خۆیشم بەوە ئەدایەوە کە کاك محەمەد پیاوێکی مەردە و تیکەتیکەی کەن زانیاری لەسەر سەیدجەوهەر نادات . ئاخر ئەو ئەگەر دڵسۆزیان نەبووایا چۆن شەوو



رۆژ ژیانی خۆی ئەخستە خەتەرەوە بۆ سەیدجەوهەر .. بەو دڵسۆزییەیدا دڵم خۆش بوو خەبەریان لێ نەدات ..! دوایی بیرم لەخۆم کردەوە ئەی کێ ئەڵێ حکومەت ئێستا نایەن من بگرن بۆ ئەوەی من ئیعتراف لەسەر کاك محەمەد بکەم بڵێم ئەم هاتووچۆی کردووە ... لەترسا هەر ئەو رۆژە چەمچەماڵم جێ هێشت و چووم بۆ کەرکوك لەماڵە ناسیاوێك خۆم شاردەوە .حکومەت مەعلوماتی ئەوەی هەبووبوو کە حەمەتەپەدێی هاتووچۆی سەیدجەوهەر دەکات و تەنانەت ئەوەشیان زانی بوو کە (ئەنگوستیلە ئاڵتونەکەی) بۆمن هێناوە ، زۆر

خستبویانە ژێر تەعزیبەوە .. هیچ
ئیعترافی نەکردبوو .. سێ جار
بەچاوبەستراوی بردبویانە ماڵی باوکم
لەقادرکەرەمییەکان و وتبویان تۆ
هاتووچۆی ئەم ماڵە ئەکەی .. بەڵام ئەو
هاشای کردبوو وتبووی من ئەم ماڵە
هەرناناسم و ناشزانم ئێرە کوێیە .! کە
ماڵی باوکم ئەم خەبەرەیان داپێم و
وتیان کاك محەمەدیان بەدەست و چاو
بەستراوی هێناوە بۆماڵمان ، ئەمووت
بەس نەبێ ئەو ئاقڵییەم کرد رامکرد ..
ئێخۆ من بەو حاڵەوە بمبینیایا رەنگە
بمووتایا توخوا واز لەو بێنن ئەو لەسەر
ئێمە وای بەسەرهاتووەو خۆمان بگرن
.. ! بەڵام خوا بەوە رەحمی کردبوو ماڵ



باوکمیش سوێندیان خواردبوو
بەحەیاتی ئەم کابرایەمان نەبینیوەو
هەرنایناسین .. ئیتر لەدوای ئەوەی ماڵی
باوکم هاشایان کردبوو کە ئەم کابرایە
ناناسن و کاك محەمەدیش هەر هاشای
کردبوو لەوەی ئەو ماڵەی بینی بێت ،
کەدیاربووە حکومەت مەعلوماتی
تەواوی لەسەر هەبووە کەهاتووچۆی
منی کردووەو رەسم و نامەی
هێناوەو بردووە.. بۆیە ئینجا زۆر
لایان مەبەست بوو من بگرن و
بەحساب من ژنم بەرگەی لێدان و
تەعزیب ناگرم تامن ئیعتراف لەسەر
کاك محەمەد بکەم ، بۆیە کەوتبوونە
تاقیبی من تامن بکەن بە شایەت

لەسەری.. هەربۆیە من چەند
مانگێك تەواو خۆم شاردەوە .. تۆ
وەرە بەم حاڵەوە لەماڵاندا خۆت
بشارەوە کە ڕۆژە ڕەشێك بوو کەس
لەدراوسێکەی تەئمین نەبوو ..
حکومەتیش هەر ڕۆژەی بێخەتا
چەند کەسی ئەگرت و ئەکوشت ..

ئیتر جارێکی تر ئێمەو سەیدجەوهەر
پەیوەندیمان بڕایەوەو ئاگامان لێ نەما
نەمانئەزانی ماون لەبرسا مردن ،
کۆپتەر کوشتیانی چیان بەسەر هات
..؟!

تا شەش مانگ من بەو حاڵەوە
لەکەرکوك خۆم شاردەوەو دوای ئەو
ماوەیە وتم بەخوا ئیستا حکومەت منی



هەر لەبیر چۆتەوە و خۆیشم بۆ
هەواڵێکی سەیدجەوهەر خەریك بوو
لەپێستخۆم بێمەدەرەوە ، بۆیە بڕیارمدا
کەبچمەوە بۆ چەمچەماڵ و ئەمووت
دەئەگەر شتێکیش ببێت ئازارو
مەترسییەکەی بۆ خۆمە باشترە لەوەی
من واشەش مانگە ژیانی ئەو ماڵەی
کەرکوکیشم خستبووە مەترسییەوە
ئەوانیش نان وژیانیان لێ حەرام بووبوو
.. بۆیە گەڕامەوە بۆ چەمچەماڵ و
چوومەوە بۆ ماڵی باوکم.. من چووزانم
ئەوانیش هەر مەراقەبە لەسەرماڵیانە
تابزانن کێ هاتووچۆیان ئەکات و چی
ئەکەن و چی ناکەن .. چوزانین بەهۆی
ئەوەی حکومەت زۆر مەبەستێتی

سەیدجەوهەر بگرێت و جیاواز لەماڵە
پێشمەرگەی تر شەوو رۆژ جاسوس
بەدیار ماڵ باوکمەوەیە ..
هەرگەیشتمەوە چەمچەماڵ بەدوای
گەڕانەوەکەی مندا ئەوەندەی پێنەچوو
مەفرەزەیەك هات و گرتمیان و بردمیان
بۆ دائیرەی ئەمنی چەمچەماڵ بۆ لای
(رائیدحافز) مودیر ئەمنی چەمچەماڵ
.. لەماڵی باوکمەوە تادایەرەی ئەمن
هەرچەندە وەخت بوو لەترسا زراوم
بچێت و ئەمووت ئەمە ئەو رۆژەیە
کەلێی ئەترسام ، لەوەش ئەترسام ئەی
کێ ئەڵێ ئیعترافیان بە حەمەتەپەدێی
نەکردووەو ئێستا کاتێك من دەبەنە
ئەوێ ئەو لەوێ نییە .!؟ خۆیشم بۆ



ئەوە حازرکرد کە واچاکە ئەگەر لەگەڵ
کاك محەمەددا رووبەڕومیان نەکردەوە
ئەوە من بڵێم هەر کاتی خۆی من لە
سەیدجەوهەر جیابوومەتەوەو تەلاقمی
داوەو من ماوەی ئەم دووساڵ وچەند
مانگە لەهەولێربوومە و بەچاك
وبەخراپ ئاگام لەسەیدجەوهەر نەماوە
.. کەبردمیانە دایەرەی ئەمن رایدحافز
خۆی تەحقیقی لێم کرد ..! زۆر
پرسیاری کردو هێنای و بردی من هەر
ئەوقسەیەم کرد کە سێ ساڵە
سەیدجەوهەر منی تەلاق داوە .. ماڵی
هەندێ دۆست و خزمیش ئاوابێ
دیاربوو زۆر بەلایانەوە عەیب بووبوو
کەژنی سەیدجەوهەر سجن بێت

کەوتبوونە واسیتەکردن بۆم .. دوای کێشەوبەرەیەکی زۆرو بەهەوڵی کۆمەڵێ خەڵکی دەستڕۆ و سوێندخواردنی چەندشایەتێك کەکاتی خۆی من تەڵاقدراوم ئەوکاتە بەرمیاندا بەمەرجی ئەوەی کە من عەریزەیەك بنوسم بۆحاکمی چەمچەماڵ و داوابکەم کەمن تەڵاقی خۆم لەسەیدجەوهەر سەندووە.. رایدحافز بەدەستخەتی خۆی عەریزەکەی بەناوی منەوە نوسی کەمن داوای تەڵاق لەسەیدجەوهەر دەکەم و وتیان دەبێت بەڕەسمی لەجەریدەیەکدا ئیعلانی بکەم کە من لەمێردەکەم جیابوومەتەوەو رای دەگەیەنم شوودەکەمەوە ...!! هەر



لەدایەرەی ئەمنی چەمچەماڵەوە دووئەمنیان لەگەڵمدا نارد بۆ مەحکەمەی چەمچەماڵ ... حاکمەکەی چەمچەماڵ نازانم ناوی چی بوو بەڵام پیاوێکی زۆر باش بوو ، پیاوێکی بەویژدان بوو .. کەعەریزەکەی خوێندەوە نوسرابوو من دەمەوێ شووبکەمەوە .. دەستم کرد بەگریان ..!! حاکمەکە لەهەموو شتێك حاڵی بوو .. ووتی مێردەکەی ئامادەنەبێ ناتوانم بڕیاری لەسەر بدەم ..! تا سێ جەلسەی مەحکەمە منیان هێناو برد کتابیان هێناو کتابیان برد .. ئاخرییەکەی حاکمەکە رازی نەبوو جێبەجێی بکات و لەجەریدە نەشری نەکرد.! ئیتر

کەسوکارەکەیشم کەوتبوونە واسیتەکردن و بەپارە منیان بەرداو ( ئەحمەد)ی برامیان کردە کەفیلی رۆحیم کە لەئۆردووگای شۆڕش بەبێ ئاگاداری دایەرەی ئەمن دەرنەچم ..

بەوشێوەیە لەئۆردوگای شۆڕشدا مامەوە تا ڕاپەڕینەکە..! هیچ هەواڵێکی سەیدجەوهەریش نازانم ونازانم کە لەژیاندا ماوە یان نا ..؟ بەلاّم ئەوەندە ئەزانم لەبەرئەوەی من خێزانی سەیدجەوهەربووم وام پێدەکرا ، هیچ هەواڵێکی حەمەتەپەدێیشم نەدەزانی..!؟ نەمدەزانی ئەویش ئێستا لەکوێیە .. مابوو یان لەژێرداردا مردبوو .. تەنها ئەوەنەم ئەزانی



حکومەت گرتبووی ..! تا دووسێ رۆژ پێش راپەڕین برادەرێك هات بۆماڵمان ووتی سەیدجەوهەر جوابی ناردووە سبەی شەو دێم سەریان لێ ئەدەم ...!

ئیتر خەریك بوو لەخۆشیدا باڵ بگرین ، ئەبێ بەڕاستی سەیدجەوهەر سەرمان لێبدات، لەگەڵ ئەوەی کەزۆر حەزم ئەکرد گەر بۆیەك جاری تریش بووە بیبینینەوە و ئەویش پۆلاّ ببینێ .. بەلاّم زۆریش ئەترسام بەهۆی ئەوەوە کەسەردانی ئێمە ئەکات توشی شتێك ببێت ..! ئێمە ئاگامان لەوە نەبوو کەپێشمەرگە هاتوونەتە نزیکی شارەکان و بەرنامەی راپەڕینیان هەیە ..دووشەو دوای ئەوەی کابرا خەبەرەکەی بۆ

هێنابووین ، شەو سەیدجەوهەر خۆی
کردە ماڵی باوکمدا کەئێمە لەوێ بووین
.. هەر لەدەرگای حەوشە هاتە ژوورەوە
ووتی کوا کوڕەکەم..؟ تا ئەوکاتە
نەیبینیبوو کەتەمەنی سێ ساڵان بوو
پۆلا خەوتبوو لەقسەکانی ئێمە
خەبەری بووەوە خوا ئاگادارە وەك
ئەوەی هەمیشە بەباوەش
سەیدجەوهەرەوە بووبێت و ئاشنای
یەکتربووبن ئاوا باوەشیان کرد
بەیەکتریدا .. سەید دیاربوو زۆر
تامەزرۆی بینینی کوڕە تاقانەکەمان
بوو ، ئەوەنەی لەوێ مانەوە هەر بۆنی
پێوە دەکرد .. چوار پێشمەرگەی تریشی
لەگەڵ بوو نانێکی بەپەلەیان خوارد کە



سەید بەبۆنەی کوڕەکەوە بەخوا هەروا
بەرکوڵێکی کرد ، کە لەوە ئەچوو لەم
سێ ساڵەدا نانێکی ئیسراحەتی
نەخواردبێت .. زۆر پەلەبوون ئێمە
ئەوەندە تامەزرۆی بینینی بووین
ئەوەندەی لامان مانەوە هەر
فریانەکەوتین تێرسەیری بکەین ..!
وتیان کاری پەلەمان هەیە دەبێت
بڕۆین ، ئەوان ڕۆیشتن .. بەڵام ئەو
شەوە ئێمە لەخۆشی و لەترسا
نەخەوتین .. بەهەموو تەمەنم خۆشی
وام بەخۆمەوە نەبینی بوو.. قەت بڕوام
نەدەکرد چارەنوسمان بەیەکتر بگاتەوە
زۆریش ئەترسام توشی بەڵایەك بن ،
بەڵام دڵی خۆمم بەوە ئەدایەوە

ئەمووت دیارە وەزعی پێشمەرگە باشە
ئەگینا ئەوان لەو دەشت و دەرە لەترسی
حکومەت ژیانیان نەمابوو .. ئێستا
هاتوونەتە چەمچەماڵ دیارە پشت
بەخوا بەرەو باشی ئەڕوات ..

ئەو شەوە تابەیانی بەخەبەربووم و
دڵم لەمشتمدا بوو ، سەگێك ئەوەڕی
دڵم دائەخورپا .. بەیانی بووە تەقەو
هەرا یەکەم جار خەریك بوو دڵم
بوەستێ ووتم بەخوا ئەوە ئەوانن ..
بەڵام خواکردی هەرزوو بووە هەرا و
وتیان ئەوە سەیدجەوهەرو هاوڕێکانی
شۆڕششیان پاککردەوە لەحکومەت ..
ئەو رۆژەو تابەیانی لەچەمچەماڵ هەر
تەق و تۆق هەبوو .. دواتر تەواوی



ناوچەکەیان رزگار کرد ، هاتەوە بۆلامان
و ووتی ئەڕۆین بەرەو قەرەنجیر و
کەرکوك ، ئەحمەد برام لەگەڵیادا
رۆیشت و چوون بۆ قەرەنجیر ...

رەنگە قەت نەتوانم باسی
ئەوخۆشییە بکەم کە بەهاتنەوەی
سەیدجەوهەر بۆناو ئەوهەموو
خەڵکەی دوای کەوتبوون چی شادییەکی
بەئێمەو کەس وکاری ئەنفالەکان و
ئۆردوگای شۆڕش بەخشی .. ئەوەندە
خەڵك دەوریان دابوو لەناو خەڵکەکەدا
دیارنەمابوو ئێستاش ئەو دیمەنەم
لەبەرچاوە ئەو خەڵکە چی ئەکرد بۆ
سەیدجەوهەر هەرئەوەبوو نەیان
ئەکردە کۆڵ و بەناو شاردا گێڕیان نەدا

هەر لەناو ئەو ئاپۆرەی جەماوەرەوە
کەوتەڕێ بەرەو قەرەنجیر ، هەرچەندە
ئەوەندە لێمان دابڕابوو حەزمان ئەکرد
ئیتر لەبەرچاومان بزر نەبێت .. بەڵام
راپەڕینەکەیش ئەوەندە خۆشی و شادی
بەخش بوو لەپێناو سەرکەوتنی
راپەڕینەکەداو بۆ ئەوەی ئەو زاڵمە
لەکۆڵ کورد بوایەتەوە حەزمان ئەکرد
هەرچی زەلام کورد هەیە دەست بداتە
چەك و پەلاماری ئەو بەعسە زاڵمە
بدات . بۆیە کەچوون بەرەو قەرەنجیر
ئەوەمان پێخۆش بوو کە بۆ گیان زاڵم
ئەچن و هەر دووعای خێرمان بۆیان
ئەکرد .. هەر من وانەبووم کەخێزانی
سەیدجەوهەر بووم هەستم ئەکرد



هەموو خەڵکەکەیش وەك من خۆشیان
ئەویست و وەك من دوعای خێریان
ئەکرد .هەرزوو وتیان ئەوە قەرەنجیر
رزگار کراو ئەڵێن بەرەو کەرکوك ئەچن
...! زۆر ئەترسام چونکە من خۆم
کەرکوکم دیبوو حکومەت چەنێ قواتی
لێ خرکردبوو . ئەترسام ئەمووت
لەهەق حکومەت نایەن و گشتیان
تیائەچن .. بەخوا وابزانم دووهەفتەی
پێچوو وتیان وا چوونەتە ناو
کەرکوکەوە ، خەبەر هات کەرکوکیش
رزگار کرا ، وتمان ئیتر رزگارمان بوو
ئەکەوینە خۆشییەوە .. بەڵام ئێمە هەر
نەگبەت بووین و نابوو دوو رۆژ
بەخۆشی و بێخەفەت بژێین خەبەریان

هاوردەوە کە ( ئەحمەد )برام شەهید
بووە..! ئازاری شەهیدبوونی ئەحمەدی
برام بەناخمدا شۆڕبووەوەو برینی
خستە جەرگمەوە.. ئەوەندە نەگبەت
بووین دەبوو هەر ڕۆژەی بەکۆستێکەوە
جەرگمان بسووتێ ..ئەحمەدم گەلێ
خۆشئەویست زۆر لەشەهیدبوونی
باوکم زیاتر ئازاری دام کە ئەگەر
خۆشی و شادی گەڕانەوەی
سەیدجەوهەر و سەرکەوتنەکانی
ڕاپەڕین نەبوایا ئەوە لەتاو ئەحمەد
شێت ئەبووم .. هەرچەندە ئێمە هەر
لەپرسەی ئەحمەدی برامدا بووین
کۆڕەوەکە دەستی پێکرد .. ئەویش بۆ
ئێمە نەگبەتییەکی تربوو . تۆ وەرە



بیهێنەرەپێش چاوی خۆت کەسێکی
وەك من لەماوەی ئەو پێنج شەش
ساڵەدا توشی چەند دەردەسەری بووم ،
ئەتووت خوا هەر بۆ دەردەسەری و خەم
و خەفەت منی هێنابووە ژیانەوە ... لەو
وەزعە خراپەی خۆماندابووین
کەهێشتا خۆڵی سەر قەبرەکەی
ئەحمەدی برام وشك نەبووبووەوە
توشی ئەو راکەڕاکە بووین .. خەڵك
هەموو سەرگەردان و ئێمەش لەهەموو
کەس سەرگەردانتر ..!! بەهەر حاڵێك
بوو گەیشتینە ئێران تووشی ناخۆشی
زۆر بووین زۆر دیمەنی دڵتەزێنمان
بینی ، لەسەرنی ئەو هەموو ژان و
ئازارەی خۆمانەوە هێشتا بەزەیم بەو

خەڵكەدا ئەهاتەوە.. هەندێ جار لەتاو ئازاری خەڵكی تر ئازارو ژانی خۆمانم بیردەچووەوە.. كەچووینە ناوخاكی ئێرانەوە خەڵكێكی زۆری تری لێبوو، بردمانیان بۆ ئۆردوگایەك پێیان ئەوت ئۆردووگای ( پاوە).. ئەتووت رۆژی حەشرە ئەو عالەمە خڕكرابوون لەو ئۆردووگایە هەمووی رەزیل كەس بەزەیی پێماندا ناهاتەوە .. بەڵام زوڵمەكەی سەدام ئەوەندە زۆر بوو خەڵك ئەوەی بە رزگاری ئەزانی كەچووبوینە ناو خاكی ئێرانەوە ، بەڵام بۆ ئێمە هەر مایەی ئازاربوو .. ئەو خەڵكە هەرچۆنێك بوو بەهەر رەزیلی و وەزعێكی خراپیش بووایا خێزانەكان



پێكەوە بوون ، هەرچەندە خێزانیش زۆر بوو لەیەكتری بزربووبوون ، بەڵام ئەوانە ئومێدێكیان هەبوو كە یەكتری بدۆزنەوە .. بۆ ئێمە ئازاری لە بزربوون ناخۆشتربوو كە سەیدجەوهەر خۆی ئامادە نەبوو لەگەڵماندا بێتە ئێرانەوە .. ئەیووت سوێندم خواردووە بەم خاكەوە پەیوەست بم و كوردستان جێنەهێڵم ، ئێمەش زۆر هەوڵماندا كە ئێمەیش لەگەڵ ئەو بمێنینەوە بەڵام رازی نەبوو.. ئەو ئەیزانی كە ئەگەر ئێمە لای بمێنینەوە ناتوانێ بەكارەكانی خۆی هەستێ ، ئەو وەك پێشمەرگەیەك ئەیووت ئێوەش وەك هەموو ئەو میللەتەوان و هیچتان لەو خەڵكە زیاتر

نییە بۆمن..! ئەوە بیر کردنەوەی سەیدجەوهەر بوو هەربۆیە ڕەنگە ئازاری دابڕانیشی لەئێمە لای ئەو هەر وەك ئازاری خەڵکەکەی تر بووبێت.. بەڵام لای ئێمە جیاواز بوو .. سێ ساڵ بوو خەونمان بەگەڕانەوەی سەیدجەوهەرەوە دەبینی کە گەڕایشەوە هەر وەك خەڵك چەند ساتێکی کەم بینیمان و ئیتر ڕۆیی بۆ کەرکوك دوایی ئەحمەدی برام شەهید بوو سەیدجەوهەر تەنها جارێك فریاکەوت سەردانی پرسەکەش بکات .. لەکۆڕەوەکەشدا ئەو لەگەڵمان نەهاتە ئێرانەوە کە ئێمە هێشتا تەعزێباربووین و ئەو دابڕانەی



سەیدیش ئەوەندەی تر ئازاری داین ، چونکە دابڕانی جاری پێشووی جیاوازتربوو ئەمجارە تازە گەڕابووەوە ناومان و هەربایی ئەوە لەناومان نەبوو تابەسەرهات و بیرەوەری ئەو دابڕانەو ژیانی پڕ لەچەرمەسەری خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە.. بۆیە ئەمجارەیش کەلەیەك دابڕاین بۆ ئێمە ئازاری مردنی ئازیزێك بوو، ئیتر چی بکەین قەدەری ئێمە وابوو .. شکستی ڕاپەڕین . شەهیدبوونی ئەحمەدی برام..دابڕانی سەیدجەوهەر..ئەمانەکارەسات بوون کارەسات ، کێ ئەیتوانی بەرگەی ئەو هەموو ژانە بگرێت ..هێشتا برینی

ئەنفال و دابڕانمان ساڕێژ نەبووبوو..
ئەم هەموو ئازارەی تری هاتەسەر..
ئیتر ژیانی من هەمووی چاوەڕوانی
بوو .. بەردەوام چاوم لەڕێگەبوو بەڵكو
ئەمەخوایە یەكێ بێت و هەواڵێكی
خێری سەیدجەوهەری پێبێت هەر
بزانم ماوە مردووە چی بەسەر هات ..
بەحەزی ئێمە بووایا ئەمانویست
كەئیتر هەمیشە لەگەڵ خۆماندابێت و
لێمان دانەبڕێت و ئیتر ژیانی بۆ
پەروەردەكردنی پۆڵای كوڕمان تەرخان
بكردایا .. بەڵام كە ئەو وابیری
دەكردەوە ئێوەش وەك ئەو میللەتە وان
..! ئیتر هەر دەپاڕامەوە خوا ئاگای
لێیبێت ..! بەم ڕۆژگارە گوێقوڵاغ بووم



بۆ خەبەرێكی .. ئەموت بەس مابێت
ئیتر ڤیروسیا لەئازاری دابڕانەكەمان ..
بەم ڕۆژگارە گوێم بەڕادیۆكەوە بوو تا
هەواڵێك بزانم ، چونكە زوو زوو
ئاگاداری بۆ پێشمەرگە دەخوێندەوە ..
ئێوارانێ كزكز بەدیار ئیزاعەكەوە
دانیشتبووم گوێم لێگرتبوو ، هەر
لەخۆمەوە دابووی لەدڵم كە هەواڵی
سەیدجەوهەری پێبێت ..شوكر بۆ خوا
ووتی ( ئاگادارییەك لەسەیدجەوهەرەوە
بۆپێشمەرگەكانی .. من وا
لەقەڵاچوالانم بۆ ئاگاداریتان). ئەو
هەواڵە بۆمن مژدەیەكی خۆش بوو
رووحی كردەوە بەبەرمدا .. هەستمكرد
وەك ئەوە وابوو كەپێشتر مردبم و

ئێستا زیندوو بوومەوە .. ناكرا هەر بەو ئێوارەیەو بەنەشارەزایی بكەومەڕێ .. بەڵام ئەو شەوە تابەیانی لەخۆشیدا نەخەوتم .. نازانم بۆ ئەو شەوە ئەوەندە درێژ بوو خوا زۆر درەنگ ڕۆژی كردەوە ..! هەر لەگەڵ تاریك و ڕوونی بەیانیدا كەل وپەلەكانم پێچایەوەو پۆلای كوڕمم هەڵگرت و گەڕامەوە بۆ كوردستان ..بەنەشارەزای لەپاوەوە گەڕامەوەو بەپرسیار لەم و لەو قەلاچوالانم دۆزییەوە و یەكتریمان گرتەوە .. بۆ ماوەی (5)مانگ لەوێ ماینەوەو ماڵێكی بچوكمان نابەیەكەوە .. ئەو ماوەیە سەیدجەوهەر دەوامی هەر لەوێ بوو خەریكی ڕێكخستنەوەی



هێزی پێشمەرگەبوون .. ئێمە ئەو ماوەیە بەختەوەربووین چوونكە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی من شووم پێكردبوو ئەوەندە سەید لەناوماندا نەژیابوو.. تەواو لەگەڵ پۆلایشدا هۆگری یەكتربووبون ئەوەندەم پێخۆش بوو كە لەگەڵ پۆلادا ئاوا یەكتریان خۆش دەویست ئەمووت بەڵكو ئیتر سەیدجەوهەر وەك باوكێك بۆ پۆلا بیر لەوەبكاتەوە كەئیتر لێمان دانەبڕێت.. دوای ئەو ( 5 ) مانگە هێزەكان چوونە خوارەوەو ئێمەش ماڵمان بردە (تەیناڵ) لەوێ ژیاین... بۆ ئێمە ژیانێكی تازەبوو لەناو خەڵك و ئاوەدانی بووین ، زۆر دڵمان بەو ژیانە خۆش بوو ..

**هەرچەندە بەهۆی واجباتەوە زوو زوو سەیدجەوهەر لێمان دائەبڕایەوە و لەهەر شوێنێ ئەم یەکێتییە ئینزاربوایا سەیدجەوهەر لەوێ بوو.. شەڕی پەکەکە و دوای شەڕی ئیسلامییەکان و شەڕی پارتی و یەکێتی وکوردو حکومەت ئیتر لەهەرشوێنێ فیشەکێك بتەقیایا وەك ئەوەی ئەم ولاٌتە کەسێکی تری تیانەبووبێت دەبوو سەیدجەوهەر بچوایا ..!! بەوهۆیانەوە زۆر عەزابمان چەشت بەلاٌم ژیانێکی خۆشمان هەبوو .. چونکە پێشتر منالٌمان بۆ نەئەما و تەنها پۆلاٌمان هەبوو کەئەویش لەکەرکوك و لەژێرچاودێری دکتۆردا لەدایك بوو ، هەردوکمان حەزمان**



**ئەکرد منالٌی ترمان هەبێت .. لە 1992/2/1 کوڕێکی ترمان بوو ناومان نا (تۆلٌە) و لەرۆژی 1993/4/1 کوڕێکی ترمان بوو ناومان نا (ڕەوا) .. منالٌەکان وەزعی تەندروستیان باش بوو ، سەید حەزی لەمنالٌ بوو ( 3 ) کوڕمان هەبوو سەید ئەیووت حەزئەکەم کە کچمان ببێت .. (3)منالٌی ترمان بوو بەلاٌم هیچیان نەمان هەر بەکۆرپەیی وەفاتیان کرد...! ئیتر لەوماوەیەدا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ، زۆرجاری تر توشی دابڕان و ترس و خەبەری ناخۆش بووین .. زۆرجار کەئەچوو بۆشەڕ ئیتر ئێمەی بیرنەدەماو تا ئەوجەولەیەی شەڕ تەواو**

نەبوایا، ناهاتەوە بۆ لای منالّەکان .. پێم ئەوت سەید ئەزانی ئێمە چەند دلّمان لاتە تادێیتەوە ئەوە بۆ قەت بیر لەم منالاّنە ناکەیتەوەو واز بهێنی ... خۆ کەس گلەیی لەتۆ نییە بلّیّ هیچی نەکردووە..!؟ هەموو جار هەر ئەو وەلاّمەی ئەدامەوە ، کە من پێشمەرگەی میللەتەکەمم ئەوانیش وەك منالّەکانی تۆ پێویستیان پێمە ...!!

ئیتر بەدرێژایی ئەوماوەیەی کە شەڕبوو بەردەوام دلّمان لای سەیدجەوهەربوو ، چونکە زۆرلێی ئەترساین سەیدجەوهەرگوێی نادایە هیچ و سلّی لەهیچ ناکردەوە..ئەمووت



رۆژێك هەرپێوە ئەبیّ ..!لەکویّ شەڕبوایا لەویّ بوو ..

پێش ( 31 ی ئاب ) لەشەڕەکانی ناوچەی سۆراندا سەیدجەوهەر شەوێك گەڕایەوە بۆمالّەوە ( ووتی ژنەکە ئەگەر شتیّ بوو توخوا ئەلبوومی رەسمەکانم بۆ دەربکە)..دلّم زۆر لەو قسەیەیی سەیدجەوهەر ترسا .. خوایەگیان سەید بۆچی وای ووت ..!؟ ئێخۆ وایەکێتی ناوچەیەکی زۆری لەدەستی پارتی رزگار کردووە .. دلّم کەوتە موشکیلەوە ، چونکە هەموو کاتیّ سەیدجەوهەر کەباسی وەزعی کوردستانی ئەکرد چۆنی ئەووت وادەرئەچوو .. ووتم بەخوا شتیّ ئەبیّ ... ئیتر شەڕەکان

درێژەیان کێشا تا لە31 ی ئابدا پارتی
حکومەتی هێنایەوەو هەولێریان گرت و
ئەو وەزعە روویدا .. ئەوکاتە
سەیدجەوهەر لە هەولێر بوو ،
نەمانزانی چی بەسەرهات .. دەنگی
نەبوو .. یەکێ ئەیووت لەهەولێر
گیریان خواردووە .. یەکێ ئەیووت
دەرچوون و لەگەڵ کاك کۆسرەت دا
پێکەوەن .. هەریەکێ ئەهات و
قسەیەکی ئەکرد .. زۆر دڵم تەنگ یوو
کەس نەبوو خەبەرێ خۆشمان بۆ بێنێ
..رۆژەکەی رەش بوو خەبەر خۆشی
تیانەبوو ..

حەفتەیەك بەسەر داگیرکردنی
هەولێردا تێپەڕی و سەید هیچ



هەواڵێکی نەبوو .. هەندێ خەڵك
لەهەولێر جێمابوون .. کۆمەڵێك
تەسلیم بەبەعس کرابوونەوە هەندێك
لای پارتی گیرابوو .. رۆژەڕەشێك بوو
هەر مەپرسە .. ئەیانووت حکومەت
دێت و پەلاماری هەموو ناوچەکانی تر
ئەدات ، خەڵك زۆر ئەترسان .. ئێمەش
لەهەمووکەس زیاتر وەزعمان خراپ
بوو .. چونکە سەید دیار نەبوو هەواڵی
نەبوو .. بەکۆمولێ خەم و خەفەتەوە
نەمئەزانی چی بکەم .. بووبووە
راکەڕاك ئەیانووت پارتی حکومەت
دێنێ بۆ سلێمانی و وەك هەولێر
سلێمانیش داگیردەکەنەوە .. خەڵکەکە
هەمووی شپرزەبوو بوون ، نەمئەزانی

چی بکەم و قوڕی کوێ بکەم
بەسەرخۆمدا ...ئاخر خوایەگیان
بۆئەبێ ئێمە هەربەشمان راکەڕاك و
دابڕان و ماڵوێرانی بێت ، گەلێ گریام
زۆر بەزەیم بەخۆماندا ئەهاتەوە..
نەمئەزانی لەپای چی وامان
پێدەکرێت..ئاخرچیمان کردبوو
تابەودەردە بچین و ژیانمان هەمووی
خەم و خەفەت و راکەڕاك و دەشت و
دەربێت

هەرچۆنییێك بوو ماڵی دۆست و خزمان
ئاوابێت دەربازیان کردین و وەك خەڵك
رامانکرد ... چوینە پێنجوێن ، هەروا
خەڵکەو رائەکات .. کەس بەکەس نەبوو
، کەس فریای کەس نەئەکەوت



..ناسیارم زۆر تووش بو لەهەمویان
پرسیاری سەیدجەوهەرم ئەکرد کەس
هەواڵێکی تەئکیدی نەئەداپێم ، یەکێك
ئەیووت ئا ، ئا وابەڕێوەن و ئەوانیش
دێن ..! یەکێك ئەیوت ئەوان لەقۆڵێکی
ترەوە رۆیشتوون .. یەکێك ئەیووت مام
جەلال لەخەلەکان سەیدجەوهەری
بینیووەو پێی وتووە سەید تۆو
پێشمەرگەکانت لێرە مقاوەمە بکەن
تاخەڵکەکە رزگارببێت..! ئەم قسە
جیاجیایانەی خەڵك ئەوەندەی تر ترس
و نائوێدی لادروست کردبووم ..
نەمئەزانی چی بکەم و روو لەکوێ بکەم
، ماڵی مامەم باوکی سەیدجەوهەریش
پێکەوەبووین .. ئەوانیش لەمن زیاتر

خەمبار بوون .. مامەم خۆی زۆر بێتاقەت بوو ، بەو وەزعەی سەیدیش زۆر زیاتر بێتاقەت بوو بوو .. لەپێنجوێنیش کەس خۆی نەئەگرتەوە هەر ئەیانووت هات ، ئیتر هەروا خەڵك بوو بەشپرزەیی خۆی ئەپێچایەوەو لەپێجوێنیشەوە بەرەو ناو ئێران ئەچوون .. ئێمەیش وەك ئەوخەڵکە بەدڵێکی زامدارەوە ڕۆیشتین بەرەو ( سەیران بەن )....

گەیشتینە سەیران بەن بەلاَم ئێران سنوری داخستبوو لەو دەشتەدا ئەو خەڵکە هەمووی بلاَوەی لێکردبوو ، ئێمەش لاماندا بەلاَم خەڵکەکە ئەترسان لەوەی ئەلغام بتەقێت چونکە هێشتا



ئەلغامی سەردەمی شەڕی ئێران و عیراقی لێ مابوو .... خەڵکەکەش زۆربووین لەسەر ڕێگاکە جێ نەدەبووەوە هەردەبوو بەو بەربلاَوییە لەسنور راوەستین تا ئێران سنوری دەکردەوە... وەزعێکی خراپ بوو هیچمان پێنەبوو ، زۆر لەوخەڵکەش هەرفریاکەوتبوون تەنها بەجل و بەرگەکەی خۆیانەوە خۆیان رزگاربکەن و نەپەرژابوون هیچ لەگەڵ خۆیاندا بهێنن ... ئێمە ئەوخراپییەی وەزع و ترس و دڵەڕاوكێ زۆرەی توشی بووبوین بای دابڕانی سەیدجەوهەر نەبوو .. ئەگەر سەیدجەوهەرمان لەگەڵ بویایا گوێم لەوەنەبوو کە لەوەزعێکی

خراپدابووین ، وەزعی خراپی ئێمە
دابڕانی سەیدجەوهەر بوو کەبوو بوو
بەبەشێك لەژیانی ئێمە منالّەکانیش
زوو زوو ئەیانووت دایە کوا باوە
خەلّکیان ئەبینی منالّ لەگەلّ کەس
وکارو باوکی خۆی دایە ئەگریان
بۆباوکیان ..! ئەیانووت باوە کەی
دێتەوە.. !؟ ئەوەندەی تر ژانیان
خستبووە جەرگمەوە ..

بەڕاست بیرم نەبوو ، ئەوەندەم
خەفەت و مەراق چەشتووە نازانم
کامیان بگێڕمەوە .. (پۆلاّ)ی کوڕم ئەو
کوڕەی کەلەدایك بوو تا (3)سالّ باوکی
خۆی نەبینی..ئەو منالّەی بەو
دەردەسەری و مەمرەومەژیە بەخێوم



کرد ...! سالّی 1995 توشی نەخۆشییە
پیسەکەبوو (سەرەتان ) لەسالّی 1996
ماوەیەك بەر لەوەی رابکەین مرد ..!
من و سەیدجەوهەر ئەم منالّەمان
جیاواز لەمنالّەکانی تر خۆش دەویست
.. چونکە ئەم منالّە بوو بووە رەمزی
دابڕان و بەیەکگەیشتنەوەو ئازار و
خۆشی و رەمزی خۆشەویستی نێوانمان
..! بۆیە بەمەرگی پۆلاّ زۆر ئازارمان
چەشت ... سەید خۆشەویستی ئەم
منالّەشی دابووە ئەوەکانی ترو زۆر
هۆگریان بوو ..نازانم ئەومنالاّنە
گوناهیان چی بوو سەدان شەوبەچاوی
چاوەڕوانییەوە چاویان ئەچووە خەو ..

هێشتا ئێران سنوری نەکردبووەوە سەیدجەوهەر پەیدابوو ..! ئۆخەی خوایە وائەمجارەیش بەیەکتری گەیشتینەوە .. نزیکی (25) پێشمەرگەی لەگەڵ بوو ، ریش هاتوو ..سەرومل تۆزاوی..سیمای سەردەمی پارتیزانیان لێنیشتبوو ..بێزارو بێتاقەت ..وڕووکاس بووبوون .. ئێمە بەگەڕانەوەی سەیدجەوهەر هەموو خەم و خەفەتێکمان بیرچووەوە منالّەکانی گرتەوە باوەش وا لەئامێزی گرتبوون ئەتووت دەساڵە لێیان دابڕاوە .. هەندێ قسەی بۆمان کرد بەلاّم زۆردڵی سەغڵەت بوو قەت سەیدجەوهەرم بەوشێوەیە نەبینیبوو



.. هەر سەری ئەلەقان و لەبەرخۆیەوە جنێوی ئەدا ، ئەیووت ئەوەی روویداوە تاریخ بەخۆیەوەی نەبینیووە ..ئاخ هەولێر ..ئیتر ئەم پیاوە لەبەرخۆیەوە هەرقسەی ئەکرد .. منالّەکانیش هەر بەدەوریدا ئەهاتن ، بەلاّم دیاربوو زوو زوو خەیاڵی ئەڕۆیی ئاگای لەمنالّەکان نەئەما دیاربوو ئەو وەزعەی هەولێر زۆر کاری لە سەیدجەوهەر کردبوو .. ئەگینا هەرلەوکاتەوەی من لای بووم حەمید برای شەهیدبوو .. باوکم شەهید بوو کەمامی سەیدجەوهەر بوو ..ئەحمەدی برام ئامۆزای بوو شەهیدبوو ..پۆلاّی کوڕمان مرد کەهەر زۆر خۆشی ئەویست .. ئەو هەموو

کارەساتە بەقەدەر ئەوەی هەولێر کاری
لەسەیدجەوهەر نەکردبوو ..

ئەوخەڵکەیش هەموو بێزارو وەڕس
بووبوون لەوەی کەئێران رێگەی چوونە
ژورەوەی نەئەدا ، هەرواخەڵکی تریش
بوو ئەهات ئەوەندە زۆربوو دەشت و
دەر نەیئەگرت .. دیاربوو یەکێتی
لەرێگەی عیلاقاتی خۆیەوە هەرخەریك
بوو بۆئەوەی ئێران حدودەکانی بکاتەوە
.. کاك شەوکەتی حاجی موشیر هات و
حدود ئێران کرایەوە .. خەڵکەکە وەك
ئەوەی لەئێران جێگانەبێتەوە هەمووی
هەر ملی ئەنا ..کاك شەوکەت
هاتەلای ئێمەیش و ووتی سەید ئەوە
بڕیارە ئەبێت بچینە ئۆردوگاوە ..



من لەوە ئەترسام سەید ئەمجارەیش
وەك راکەڕاکەکەی ساڵ 91 بکات و
خۆی نەیات و ئێمە بکاتە ئێراندا ،
بۆیە قسەکانی کاك شەوکەتم
ئەوەندە پێخۆش بوو کەووتی ئەوە
بڕیارە و ئەبێت بچینە ئۆردوگاوە ..
سەید بەمنی ووت ئێوە بچنە
ئەودیواو خێوەتێ بۆمناڵەکان پەیدا
بکە ئێرە سارده با سەرمایان نەبێت
..ئینجا رووی کردە کاك شەوکەت و
ووتی ئێوەش بڕۆنە ئۆردوگاوە من
بەتەنها لێرە ئەمێنمەوە کێ لەگەڵ
من دەمێنێتەوە سەرچاوو کێیش
دەڕوات بابڕوات ..!

لەگەڵ كاك شەوكەتدا هەندێ موناقەشەيانكرد .. خەريك بوو ببێتە هەرايان ئەموت خوايە ئەم پياوەی من بۆ وائەكات ، كاك شەوكەت لای خۆی پياوەتی كرد هات و ووتی بڕيارەكە وايە...!

ئێمە چووينە ناو خاكی ئێرانەوەو سەيدجەوهەريش لەگەڵ پێشمەرگەكانی مايەوە ووتی من يەكجار سوێندم خواردووە لەم خاكە دانەبڕێم ..!

لەسەيرانبەن وەك ئەوخەڵكە خێوەتمان وەرگرت كەئێرانييەكان ئەيانهێناو نان و ئاومان بەڕەزالەت بەرئەكەوت ، لەوێش گوزەرانی خەڵك



زۆرخراپ بوو.. هەرچەندە چوبوينە ناوخاكی ئێرانەوە بەڵام خەڵكەكە هەر ئەترسان و ئەيانووت رەنگە شەڕ بكەوێتە سەيرانبەنيشەوە ...

دووسێ رۆژی پێچوو دەنگی تەقە لای سەيدجەوهەرو هاوڕێكانييەوە پەيابوو .. وتيان پارتی هجوومی كردووە بۆ حدودەكان و ئەڵێن قواتی بارزانيان هێناوە .. خەڵك هەبوو لەئۆردوگاكەيش كەوتەڕێ تازياتر بچێتە قولأيی ئێرانەوە ، سەيدجەوهەرو جەماعەتەكەيشی لەناوجەرگەی شەڕدابوون ديفاعيان لەوخەڵكە ئەكرد.. تائەبوو شەڕەكە خەستتر ئەبوو .. دەنگی تەقە زياتر نزيكتر ئەبووەوە

.. ئێرانیش پاسداری هێنابووە سنورەکە
بۆئەوەی نەهێڵێ چەکدار نزیکی سنور
بکەوێتەوە .. خەڵکەکە هەمووی پێی
خۆش بوو کەپاسدار هاتبووە سنورەکە
بەلاّم من دڵم زۆر سەغڵەت بوو لەوە
ئەترسام ئەگەر سەید و هاورێکانی
بشکێن و ئێرانیش نەهێڵێ بێنە
ئێرانەوە چی بکەن ئەترسام ئەمووت
بەخوا هەمویان ئەکوژن بەلاّم
ئەشمزانی سەیدجەوهەر راناکات و
شوێنی خۆی جێناهێڵێ ئەمووت
ئەمجارە تیائەچێت .. گیانم ئەلەرزی
لەتاوا هەڵئەبەزیمەوەو
هەرئەپاڕامەوە .. ئەمزانی سەید
هەموو ژیانی ئاوا لەناو ئاگردابوو ،



بەلاّم ئەمجارە بۆمن ئازاری زۆرزۆر بوو
چونکە بەبەرچاومانەوە بوو ئەوهەموو
خەڵکەی سەیرانبەنیش هەمووی وەك
من خەمیان بوو ، چونکە سەید دیفاعی
لەوان ئەکرد ..! هەمو خەڵکەکە چاویان
لەدەست و تفەنگی سەیدو ئەوان بوو ،
خەڵکەکەیش وەك من ئەپاڕانەوە
کەخوا بیانپارێزێت ..!
خوایە رەحمیان پێبکەیت ..خۆم
نەئەگرت ئەهاتم و ئەچووم ئەم دیمەنە
بۆمن زۆر بەئازاربوو هەر بەبەرچاوی
خۆمەوە ئازیزترین کەسم تەنها لەگەڵ
چەندکەسانێکی کەمدایەو هێرشیان
دەکرێتەسەرو هەزاران کەسیش
بەدوربین لەپەنای خێوەتەکانەوە

**سەیریان ئەکرد .. ئەمووت ئەم کابرایە**
**بۆ وائەکات بۆئەویش وەك ئەوعالەمە**
**نایاتە ئۆردوگاکە قابیلە هەر ئەو**
**پێشمەرگەیە ..!؟ ئەبێت ئەم پیاوەی**
**من چۆن بیربکاتەوە وا(3)ساڵ دوای**
**ئەنفال لەوگەرمیانە چۆڵەدا**
**مایەوە..خۆزگە ئەمزانی ئەبێت چی**
**لەدڵیدابێت وا جیاواز لەم عالەمە خۆی**
**خستۆتە ناو ئەوئاگرەوەو ئێمەیشی**
**توشی خەفەت و مەراق کردووە ..!؟**
**جارنەجارێك سەیارەیەك لای**
**سەیدجەوهەرو ئەوانەوە بەپرتاو خۆی**
**ئەکات بەئۆردوگاکەدا ئەچێتە**
**نەخۆشخانەی ئۆردوگاکەو قەرەباڵغی**
**دروست ئەبێت ئەڵێن برینداریان هێنا**



**.. وەخت بوو ئاگر لەجەستەم بەرئەبوو**
**، لەلایەکەوە ئەترسام سەید**
**برینداربووبێ.. لەسەرێکیشەوە ئەموت**
**خوابکات بەسوکی برینداربوبێت**
**بۆئەوەی بیهێننەوە بۆ ناو ئۆردوگاکە،**
**وەك شێتم لێهاتبوو لەتاوا هەر هاوارم**
**بۆخوا ئەبرد خوایەگیان خۆت**
**بەزەییەکت بەم مناڵە**
**خێرلەخۆنەدیوانەدا بێتەوە ..**
**مناڵەکانیش زیڕەزیڕ ئەگریان و**
**ئەیانووت دایە تووخوا بابچین باوە**
**بهێنینەوە دوایی پارتی ئەیکوژێ**
**لەسەرووی ئەووەزعەی خۆمەوە قاژەی**
**جەرگم بۆمناڵەکانم ئەهات ، لەخوا**
**بەزیادبێت شەڕەکە کۆتایی هات هەندێ**

پێشمەرگە شەهیدبوون ، پارتییەکانیش گەلێ جەنازەیان لێ بەجێماو کوژراوێکی زۆریان هەبوو ، دواى ئەوهەموو کوشتارە گەڕانەوە...1

ماوەیەك دواى ئەوە ئەوەبوو گەردەلولی تۆڵە دەستی پێکرد .. مامەم ، باوك سەیدجەوهەر ناردی بەدواى سەیدجەوهەردا وتی پێی بڵێن من نەخۆشم ناتوانم بچم بۆلاى بائەوبێت سەرێکم لێبدات بیری ئەکەم دڵم لەلایەتی ...! سەیدجەوهەر وەڵامی ناردەوە وتبووی بەباوکم بڵێن گلەیی نەکات من سوێندم خواردووە نەچمە ئەودیوی حدودەوە ، با باوکم دڵنیابێت من بەئازادی لەچەمچەماڵ ئەچمەوە



خزمەتی ..! ئیتر ئاگامان لەوەهەبوو کەپێشمەرگە چوونە خوارەوەو گەردەلولی تۆڵە دەستی پێکردو زۆربەی زۆری شاروشارۆچکەکانی پاك کردەوە ئێمەیش ماڵمان هێنایەوە بۆتەیناڵ و پاش ماوەیەك سەیدجەوهەر هاتەوە بۆلامان و بەیەکتری شادوشوکر بووینەوە ... بەڵام سەید بەهۆی ئەوەی کەمەسئولی پێشمەرگەبوو هەر رۆژی لەشوێنێ واجبیان هەبوو ، بەوهۆیەوە وەك پێویست نەیئەتوانی نازی مناڵەکان هەلگرێ و بایی ئەوەی کەمناڵەکان لەباوەشی باوکیاندا ئیسراحەتێك بکەن ئەوەندە نەکەوتە ماڵ ..! دوایی تەواوبونی شەڕەکان

ماوەیەکی پێچوو سەید رۆژێ ووتی ماڵ
ئەبەینە سلێمانی .. خانویەکی پەرپوتی
کڕیبوو هەندێ دەستیان پێدا هێنا بای
ئەوەی کەبتوانین تیایدا بژین ، بارمان
کردە سلێمانی ، من لەسەرێکەوە پێم
خۆش بوو بارمانکردو ئەمووت بەڵکو
سەیدیش بەهۆی ئەوەی ماڵی
لەسلێمانییە وەك خەڵك بیر بکاتەوە و
بۆخۆی بژێت ..! لەبەرئەوەی
کەماوەیەکی زۆریش بوو لەتەیناڵ
بووین و مناڵەکان و خۆشمان لەوێ
راهاتبوین بۆیە خەمی ئەوەشم بوو کە
تاڕادێین لەسلێمانی ماوەیەکی زۆری
ئەوێت .! ماوەیەکی کەم بوو چوبوینە
سلێمانی سەیدجەوهەر وتی ئەمجارە



شەڕببێتەوە شەهیدئەبم ..!! ئەوکاتەی
سەید ئەوقسەیەی کرد تازە مناڵێکی
ترمان بووبوو کچ بوو سەید زۆری
پێخۆش بوو کچمان ببێ ناوی نا (
زیلان ) وتی ئەمە بەناو ئەوکچە
کوردەوەیە کە لەتورکیا لەبەرئەوەی
ناهێڵن نەورۆز بکرێت لەرۆژی
نەورۆزدا ئاگری لەجەستەی خۆی
بەردا و بۆ نەورۆز خۆی سوتان.. ! ئەم
مناڵەی هەر زۆر خۆشئەویست خۆی
حەزی ئەکرد کچبێت کچمان بوو ..!
ناوەکەیشی ئەوەندەی تر لای
خۆشەویستی کردبوو کە کچەکوردێك
بۆ جەژنی نەورۆز ئاگری لەخۆی
بەرداوە، زوو زوو ئەم قسەیەی

ئەگێڕایەوە .. هەر میوانێکمان بهاتایاو
پرسیاری ناوی منالّکەمانی ئەکرد ،
پێش ئەوەی بپرسێ زیلان مەعنای
چییە ..!؟ سەید خۆی ئەیوت ئەم کچەم
بەناوی ئەوکچە کوردەی کوردستانی
تورکیاوە ناوناوە کە بۆ تەحەدای تورکیا
لەنەورۆزدا خۆی سوتان ..!

هەندێ پێویستی تری مالّمان هەبوو
بۆمانی کڕی و ماوەیەك بوو کەوتبووە
سەردەمی ئەیوت شەهید ئەبم ..!
ئێوارانێ هەندێ برادەری (کفری )
میوانمان بوو سەیدجەوهەر دەستی کرد
بەگریان ، میوانەکانمان هاوڕێکانی
سەردەمی پارتیزانی بوون ، زۆر
سەیرمان هات سەید بۆچی ئەگری ..!



هەمومان دەورماندا وتمان ئەوەچییە ..!
سەیدجەوهەر وتی وەلاّی شەهیدەکان
یەکەیەکە دێنەپێش چاوم و بانگم
ئەکەن ، نازم بچکۆل پەلم رائەکێشێ ،
ئەچم بۆلای پۆلاّی کوڕم.. بەم قسانە
دلّی هەمومانی خستە مشکیلەوە ..
برادەرەکانی وتیان سەید دات
لەزەوقمان ئێمە هاتوین بۆلات کاتێکی
خۆش بەرینە سەر یان دلّمان
سەغلّەتکەی ..!؟ منیش دەستمکرد
بەگریان ، سەید وتی ئێ باشە
بۆئەوەندە سەیرن ..!؟ ئەی برادەران
هەمومان کەبوینە پێشمەرگە
شەهیدبوونمان لەبەرچاو نەبوو ..!؟
ئێ کاکە من داوێتی لەدلّم و ئەمجارە

شەهید ئەبم .. بەهەرحاڵێك بوو ژێریانکردەوە و باسەکەیان گۆڕی .. بۆبەیانی دوای ئەوەی میوانەکان ڕۆیشتن چوو دوو بەرمیل نەوتی کڕی وتی ژنەکە ئەم زستانە کەس نابێ لاتان لێبکاتەوە ، چونکە من دڵنیام شەهید ئەبم .. ووتم سەید توو ئەوخوایە ئەگەر واز لەم قسانە نەهێنی.. ئەوە تۆ بۆهەرئەبێ خەفەتمان بدەیتێ ..!؟ دەستی کرد بەپێکەنین وتی ئێ ژنەکە خۆ هەتاسەر منتان بۆنامێنم ...!

سەید وەك ئەوەی لەبەرچاوی بێت ئاوا بەدڵنیاییەوە ئەیوت من شەهیدئەبم و ئاگات لەمناڵەکان بێت .. منیش بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەگەڵ



سەیددا ژیابووم زۆرم لێ بینیبوو کە هەرشتێکی ئەوت وادەرئەچوو .. هاوڕێکانی سەردەمی پارتیزانیشی ئەیانوت سەید وەك ئەوەی غەیبی هەبوبێ هەر ڕۆژێ بیوتایا برادەران ئەمڕۆ وریابن واهەست ئەکەم جەیش بێت یان کۆپتەر یان هاوڕێیەك دێت بۆلامان ، ئەوە سەدلەسەد وادەرئەچوو .. ئەیانوت لەو گەرمیانە چۆڵەدا کە کەسی لێنەمابوو بەتەمای سەعاتێکی تری ژیان نەبوین سەید (تەدریبی پێمان ئەکرد)و ئەیوت دڵنیابن برادەران ڕۆژێك دێت دەبینە هێزی نیزامی کوردی .. لەبەرئەوەی زۆر شتی وامان لەسەید بینی بوو دڵم تەواو ئەترساو

ئەموت سەید وەك ئەوەی دابێتی لەدڵی
ئەزانێ شتێکی بەسەردێت .. زۆر
ئەترسام و هەر ئەپاڕامەوە خوایە
ڕەحمێ بەومناڵە ساوایانەو
بەدبەختیەکەی خۆیشم بکەی و
لەبەرخاتر ئەم مناڵانەی من
شەڕنەبێتەوە..!

ڕۆژێك سەید هاتەوە وتی ئێمە
ئەچین بۆ مانۆڕ ، چاوت لەمناڵەکان
بێت .. یەك دوو ڕۆژی پێچوو شەڕ
دەستی پێکردەوە یادی یەك ساڵەی
گەردەلولی تۆڵەبوو .. سەید بەشپرزەیی
هاتەوە وتی هاتوم لەشکرەکانی کەرکوك
و گەرمیان بەرم ، دوو سێ جار
تەئکیدی کردەوە ( شەمیلە توخوا



ئاگات لەمناڵەکان بێت ) دیاربوو
ئەیویست شتێ تر بڵێ بەلاَم لەبەر دڵی
من زیاتری نەوت ، مناڵەکانی
نابەسینگەوە یەکەیەکە ماچیانی کردو
سویچی سەیارەکەی دایە دەستم وتی
باسەیارەکە لەماڵ بێت .. خواحافیزی
کردو ڕۆیی ، دڵم تەواو سەغڵەت بوو ،
چونکە سەید ئەم ماوەیەی دوایی نەبێ
قەت قسەی وای
نەکردبوو..هەرچییەکیشی بووتایا
وادەرئەچوو .. زۆر ئەترسام ، ڕۆژی
دەجار دڵم دائەخورپا .. تەلەفۆن ئەکرا
گیانم ئەلەرزی .. شەوو ڕۆژ خەو و
خواردنم لێ حەرام بووبوو هەرچاوەڕێ
بووم لەدەرگا ئەدەن وەهەواڵی

شەهیدبوونیم پێ ئەڵێن ...! وەرە چەند زەحمەتە ئاوا چاوەڕێی هەواڵی ئازیزترین کەستبکەی ، ئێستا هەر بەدەم ئاسانە ئەیگێڕمەوە ..! گەرچی هەرجارێ ئەو چوبێت بۆ شەڕەکان ئێمە هەر ئەوە حاڵمان بووە ، بەڵام ئەمجارە ترسی قسەکانی ئازارێکی تری خستبووە جەرگمەوە جیاوازبوو لەجارەکانی تر ..

رۆژێك هاوسێکان وتیان ئەمشەو کاك سەیدجەوهەر لەتەلەفزیۆن قسەی کردووە .. لەشەڕەکاندا پیشانیدا مقابەلەکرابوو ... ئیتر خۆم ومناڵەکان لەوەودوا هەربەدیار تەلەفزیۆنەوە دائەنیشتین و ئەپاڕاینەوە خوایە



تەلەفزیۆن دوبارەی بکاتەوەو چاومان بەسەید بکەوێت ، چونکە ئەوقسانەی کردبوو ئەوەندە دڵمان لای بوو ئەگەر لەتەلەفزیۆنیش بمانبینیایا بۆ ئێمە وەك ئەوە وابوو کە مردویەکمان زندوبێتەوە ..! مناڵەکان تاتەلەفزیۆن تەواو ئەبوو دائەنیشتن ئەیانوت (باوە قسەئەکات )... ئیتر تەلەفزیۆن دوبارەی نەکردەوەو هەرخەفەتمان ئەخوارد ئەمووت کوێرایماندایا بۆ سەیری تەلەفزیۆنمان نەکرد ..! تەواو ئەترساین قسەکانی هەر بەگوێمدا ئەهاتەوە کەئەیووت ئەمجارە شەهید ئەبم ..!

شەو بەدیارتەلەفزیۆنەوە دانیشتبوین چالاکی فەرماندەیی سێی کەرکوکی خوێندەوە ووتی ئێستایش والەهەڵمەتدان ... ئەو شەوە نەخەوتم روحم لەمشتمدابوو ، ئەمووت بەمل شکاوم بۆدانیشتم بەدیار تەلەفزیۆنەوە و ئەو هەواڵە جەرگبڕەم گوێ لێبوو .. شەوانی پێشتریش خەفەتمان لەوە ئەخواردو ئەمووت کوێرایم دابێ بۆ بەدیار تەلەفزیۆنەوە دانەنیشتم و مقابەلەکەی سەید ببینم ..!! ئیتر لەتاوا سەرمان لێشێوابوو ، خەوو خۆراکم نەمابوو .. هەردانیشتبووم سەعات چوارونیووی بەیانی تەلەفۆن لێی دا ، خێربێ خوایە هەڵم گرت کاك (سەعدی



مەلا محەمەد قەشقە) بوو وتی (شەمیلە)ئەوە بەخەبەری..!؟ سەید بریندارە وائەیهێننەوە بۆماڵەوە ئەو ناوماڵە گرتبکەرەوە ..! وتم کاك سەعدی توو قەبری باوکت بەڕاستی پێم بڵێ شەهید بووە ..!؟ کەوتە سوێندخواردن وتی بەخوا بریندارەو ئێستا ئەیهێننەوە....! ئیتر تەواو لەپەلوپۆ کەوتم گیانم کەوتە لەرزین و کەوتمە پاڕانەوە خوایە راستبێت و سەید بریندار بێت ..! ئەپاڕامەوە خوایە بریندار بێ هاوارم ئەکرد ئینشائەڵڵا بریندارە..! مناڵەکان خەبەریان بووەوە ئەوانیش کەوتنە هات وهاوار ... ئەموت رۆڵە توخوا بپاڕێنەوە باوکتان بریندار

بوبێ..! یەکێ لەمناڵەکان ئەیووت دایە
بۆئەڵێی باوە برینداربێ..!؟ دەدەقیقە
بەسەر تەلەفۆنەکەدا تێنەپەڕیبوو
قیژوقاو گەڕەکەکەی پڕکرد ... هەموو
گەڕەك رژانە سەرکۆلآن ، باوکە ڕۆو برا
ڕۆی ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵی بوون
ئێستایش لەگوێمدا ئەزرنگێتەوە ..
جەنازەکەیان هێنایە حەوشەوە
خستیانە بەردەستی من و مناڵەکان ،
دەوەرە شێت مەبە ئەوەی کەلێی
ئەترساین روویدا..! ئێمەشیان لەگەڵ
تەرمەکەیدا هەلگرت و تەرمەکەیمان
بردەوە بۆ چەمچەماڵ و
لەقادرکەرەمییەکان ناشتمان...!
بەلآم هەستم ئەکرد ئەو هەمو



خەڵکەی چەمچەماڵ کەس وکاری
ئەنفالەکان هەمویان وەك من بۆی
بەداخن وهەرئەوەش بوو کەکەمێك
سەبوری پێمان ئەبەخشی ...! ئیتر
لەوڕۆژەوە وەك ئەوە وایە دەرگای
دۆزەخم بەسەردا کرابێتەوە
...بڕوابکە ئێستایش کە تەلەفۆن
لێئەدات وائەزانم هەموو جارێ
تەلەفۆن خەبەری واناخۆشم ئەداتێ
، ناوێرم هەڵیبگرم...!

چیرۆکی ژیانی من وسەیدجەوهەر
گەرچی لێرەدا کۆتایی بەهاوسەرێتیمان
هات بەلآم هەتاهەتایە لەناو دڵی من و
مناڵەکانم و خەڵکدا ئەژی ...

سەیدجەوهەر بەشەهیدبوونی برینێکی وای خستە جەرگمەوە کەقەت سارێژ نەبێ ... بەڵام ئەوەش ئەبینم خەڵك وەك من بەئەسەفن بۆی ، ئەوە گەورەترین سەبورییە بۆمن ، من قەت پەشیمان نیم لەو هەموو پەتپەتی و ئازارو ژانەی لەپێناوی سەیدجەوهەردا چەشتم ، چونکە ئەو بەسەربەرزییەك پاداشتی داومەتەوە مەحاڵە مرۆڤ هەروا بەئاسانی پێی بگات .. من ئێستا گەورەترین شەرەفە بۆم کە ئەڵێن ئەوە خێزانی شەهید سەیدجەوهەرە .. ئەوە گەورەترین سەروەرییە ، پەیمانم داوە تائەو رۆژەی ئەمرم وەك خزمەتکارێك خزمەتی مناڵەکانم بکەم.. چونکە ئەوە



وەسیەتی سەیدجەوهەرە ، ناهێڵم بێنازبن... هەمیشە چاوم لێیانە ، من لەدوای سەیدجەوهەر تەنها بۆچاودێری مناڵەکانی شەهید سەیدجەوهەر ئەژیم ..

زۆر سەروەرییە کەئێستا ئەوەندە رێزمان لێدەگیرێت مەسئولەکان سەردانمان ئەکەن .. تائێستا سێ جار کاك کۆسرەت هاتۆتە ماڵمان ، ئەوە شەرەفێکی گەورەیە .. خۆزگە ئێستا سەیدجەوهەر ئەیزانی کە چەند رێزی لەناو یەکێتی و لای خەڵك هەیە ،

لەکۆتایشدا ئەڵێم یارەبی ماڵی کەس وەك ماڵی سەیدجەوهەر روناکی لێ نەکوژێتەوە .. خوایە ئاشتی سەربگرێت ..! بۆئەوەی سەیدجەوهەرەکانی تر

شەهید نـەبن .. بۆئـەوەی منـاڵی کەسـی
تر وەك تۆڵـەو رەواو زیـلان نـەڵێن ئـەی
بۆ باوك ئێمە نایاتەوە دایەگیان ...!

بەرهەمە
چاپکراوەکانی نوسەر

1- تەم و دوکەڵ
1991
2- کەرنەڤاڵی مەرگ
1992
3- مارشی نەبەزین
1993 چاپی یەکەم



1997 چاپی دووەم
4- سەید جەوهەر جەوهەربوو
بۆکوردستان 1999
5- کۆچ و کۆچپێکردن هۆکاروبنەماکانی
2000 چاپی
یەکەم

2001 چاپی دووەم
6- شایەتحاڵەکانی ئەنفال (بەرگی یەکەم)
18/شوباتی 2002
7- شایەتحاڵەکانی ئەنفال (بەرگی دووەم)
6/ئەیلولی 2002

8- شایەتحاڵەکانی ئەنفال (بەرگی سێیەم)
18/شوباتی 2003

9- گەڕانەوە بۆ کەرکوك
ئازاری 2004

10- لەتۆپخانەوە بۆ عەرعەر
ئازاری 2004

11- لەئوم ڕێعانەوە بۆ تۆبزاوە
ئازاری 2004

12- کەرکوك و پاکتاوی ڕەگەزی (بەرگی یەکەم) ئازاری 2004

13- لەبارەی کەرکوکەوە
ئازاری 2005



14- کەرکوك و پاکتاوی ڕەگەزی (بەرگی دووەم) ئازاری 2005

15- كركوك و التگهير العرقى (جزئ الأول) 2005

16- من گوبخانه الى عرعر
2005

17- كركوك والگتهير العرقى (جۆ الپانى)
2006

18- دەربارەی کەرکوك
2006

19- شەمیلە
2006